ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـارە (٦٠)     ٢٧٢٤ی کـوردی     ٢٠٢٤ی زایینـی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییـنـــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

**حەمەسەعید حەسەن کەریم**

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداک**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر بە کورد لە عێراقدا ١٩٦١-١٩٩٠

م. ی. سامان عمر حمد
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەڵاحەددین
saman.hamad@su.edu.krd

پ. د. اسماعیل محمد حصاف
بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەڵاحەددین
ismail.hassaf@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینـەوە، لـە ژێـر نـاوی (سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا بەرامبـەر بـە کـورد١٩٦١-١٩٩٠) لـە سـێ تـەوەری سـەرەکی پێـک هاتـووە، لـە تـەوەری یەکەمـدا، بـاس لـە سیاسـەتی ئەمەریـکا بەرامبـەر بـە پرسـی کـورد لـە عێـراق ١٩٦١-١٩٧٢ کـراوە، تیشـک خراوەتـە سـەر فاکتەرەکانـی گۆڕینـی سیاسـەتی ئەمەریـکا بـەرەو عێـراق و کوردسـتان، پاشـان هەوڵەکانـی کـورد لەپێنـاو پشـتگیریی ئەمەریـکا لـە شۆڕشـی ئەیلـول خراوەتـە ڕوو، تـەوەری دووەمیشـی بـۆ پرسـی کـورد لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا ١٩٧٢-١٩٧٥ تەرخـان کـراوە، لـەم مـاوە مێژووییـەدا ئەمەریکییـەکان تـا ئاسـتێکی جیـاواز لـە سـەردەمی پێشـوو، سیاسـەتی دەرەوەیـان بـە دیاریکراویـش بەرامبـەر بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد دەردەکەوێـت، بەشـێوەیەک هاوکاریـی دارایـی و سـەربازیی شۆڕشـی کـوردی دەکـەن، لـەم تـەوەرەدا جگـە لـە ئامـاژەدان بـە وازهێنانـی ئەمەریـکا لـە کـورد و نسـکۆی شـۆڕش، سـەبارەت بـە تـەوەری سـێیەم، بریتییـە لـە ڕەنگدانـەوەی پرسـی کـورد لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا ١٩٧٥-١٩٩٠، بـاس لـە هەوڵەکانـی بارزانـی دەکات بـۆ گەیاندنـی پرسـی کـورد بـە ئەمەریـکا لـە دوای شۆڕشـی ئەیلـول، ئـەوەی پەیوەسـتە بـە سیاسـەتی ئەمەریـکا بەرامبـەر پرسـی کـورد لـە مـاوەی سـاڵانی جەنگـی عێـراق و ئێرانـدا ١٩٨٠-١٩٨٨ وەکـو بابەتێکـی ناوخۆیـی عێـراق لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئەمەریـکا سـەیر کـراوە، هـاوکات لـەو قۆناغـەدا هەڵوێسـتی ئەمەریـکا بەرامبـەر بـە جینۆسـایدی کـورد ڕوون دەکرێتـەوە.

کلیلەوشە: ئەمەریکا، کورد، بارزانی، شۆڕشی ئەیلول، کیسنجەر.

**پێشەکی**

لـەم توێژینەوەیــە سیاســەتی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا بەرامبــەر پرســی کــورد لــە عێراقــدا، شــی کراوەتــەوە کــە مــاوە مێژووییەکــەی ســاڵانی ١٩٦١ تاوەکــو ١٩٩٠ لەخــۆ دەگرێــت، بەتایبــەت دوای دەرکەوتنــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا وەک جەمســەرێکی بەهێــزی جیهــان و باڵادەســتبوونی هەژموونــی بــە ســەر ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەگشــتی و عێــراق بەتایبەتــی، ســەبارەت بــە کوردەکانــی عێـراق بـۆ یەکەمجـار پەیوەندیـی فەرمـی لـە نێـوان ئەمەریـکا و کـورد لـە ١٩٧٢ دروسـت بـوو، دوای پێداگـری زۆری مسـتەفا بارزانــی لــە ســەر شــای ئێــران و پێداگــری (شــا)ش لەســەر ئەمەریـکا بەتایبـەت دوای واژۆکردنـی ڕێککەوتنـی هـاوکاری و دۆسـتایەتی لـە نێـوان عێـراق و سـۆڤیەت لـە نیسـانی ١٩٧٢، ئەمــەش ترســی لای ئێــران و ئەمەریــکا دروســت کــرد کــە کار بکاتـە سـەر کوردەکانیـش، بۆیـە ئەمەریـکا پەیوەندیـی لەگـەڵ شۆڕشــی کــورد دروســت کــرد، بــەڵام پەیوەندییەکــی نهێنــی بــوو لــە ڕێــگای شــای ئێرانــەوە، واتــە کلیلــی پەیوەندییەکــە ئێـران بـوو، بۆیـە دواتـر کـە ئێـران ڕێککەوتنـی لەگـەڵ عێـراق کــرد لــە ١٩٧٥ لــە جەزائیــر و کاری بــە کــورد نەمــا، ئیــتر ئەمەریــکاش پەیوەندییــەکان و هاوکارییەکانــی کــوردی ڕاگــرت و پشــتی تێکــردن، بــەڵام لــە دوای ســاڵی ١٩٧٥ تاوەکــو ١٩٨٩ سیاســەتی ئەمەریــکا بەرامبــەر بــە پرســی کــورد تــا ڕادەیــەک دەچێتــە قۆناغــی ســڕبوون و ڕاگوێــزەر بــە شــێوەیەک لــە قۆناغێکــی بەرتەســکی نافەرمیــدا بــوو کــە هەرگیــز وەک لایەنێکـی فەرمـی تەماشـا نەکـراوە هەمیشـە کارتێکـی سـوتاو بــووە، لەگــەڵ کۆتایــی هاتنــی جەنگــی ئێــران و عێــراق و گۆڕانــکاری لــە هاوکێشــە سیاســییەکانی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بەتایبەتــی ڕووخانــی یەکێتــی ســۆڤیەت و کاریگــەری لەســەر گۆڕانــکاری هاوســەنگیی هێــز لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە دوای جەنگــی ســارد، پرســی کــورد لــە چوارچێــوەی سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکا پــێ دەنێتــە قۆناغێکــی نــوێ.

ســەبارەت بــە هەڵبژاردنــی بابەتەکــە بــۆ چەنــد هۆکارێــک دەگەڕێتــەوە، کــە بــە چەنــد خاڵێــک تیشــک دەخرێتــە ســەر گرنگترینیــان، حــەز و ئــارەزووی توێــژەر بــۆ بەدیارخســتنی لایەنــە شــاراوەکانی سیاســەتی ئەمەریــکا لەمــەڕ پرســی کــورد، هــاوکات کەمیــی ڕێــژەی توێژینــەوەی ئەکادیمــی لــەم مــاوە مێژووییــەدا، پاڵــی بــە توێــژەرەوە نــا بــۆ هەڵبــژاردن و دەستنیشــانکردنی ئــەم بابەتــە، لەپــاڵ ئەمەشــدا توێــژەران کەمــتر پەرژاونەتــە ســەر ئــەم لایەنــەوە کــە ئەمــەش بۆشــاییەکی مێژوویــی لەبــارەی کــوردەوە دروســت کــردووە، ئــەوەی لــەم بارەیــەوە نــووسراوە تەنهــا لەنێــو دەقــی کتێــب و ســەرچاوە مێژووییەکاندایــە کــە ئەمــەش نەبۆتــە هــۆی تێرکردنــی بابەتەکــە، بەڵکــو لێکۆڵینــەوە و بەدواداچوونــی زیاتــری پێویســتە لــە چوارچێــوەی بەڵگەنامــە بڵاوکــراوە و بڵاونەکراوەکانــی تایبــەت بــە پرســی کــورد.

ســەبارەت بــە پلانــی توێژینەوەکەمــان، مــاوە مێژووییەکــەی ســنووری توێژینەوەکــە ئــەوەی بــە ســەر توێــژەردا ســەپاندووە کــە ناوەڕۆکــی توێژینەوەکــەی بــە ســەر چەنــد تــەوەری ســەرەکی دابــەش کــردووە، لــە تــەوەری یەکەمــدا، بــاس لــە سیاســەتی ئەمەریــکا بەرامبــەر بــە پرســی کــورد لــە عێــراق ١٩٦١-١٩٧٢ کــراوە، تیشــک خراوەتــە ســەر فاکتەرەکانــی گۆڕینــی سیاســەتی ئەمەریــکا بــەرەو عێــراق و کوردســتان، پاشــان هەوڵەکانــی کــورد لەپێنــاو پشــتگیریی ئەمەریــکا لــە شۆڕشــی ئەیلــول خراوەتــە ڕوو، تــەوەری دووەمیــش تەرخــان کــراوە بــۆ پرســی کــورد لــە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکا ١٩٧٢-١٩٧٥، ســەبارەت بــە تــەوەری ســێیەم، بریتییــە لــە ڕەنگدانــەوەی پرســی کــورد لــە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکا ١٩٧٥-١٩٩٠، بـاس لـە هەوڵەکانی بارزانـی دەکات بـۆ گەیاندنـی پرسـی کـورد بـە ئەمەریـکا لـە دوای شۆڕشـی ئەیلـول، ئـەوەی پەیوەســتە بــە سیاســەتی ئەمەریــکا بەرامبــەر پرســی کــورد لــە مــاوەی ســاڵانی جەنگــی عێــراق و ئێرانــدا ١٩٨٠-١٩٨٨ وەکـو بابەتێکـی نێوخۆیـی عێـراق لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی ئەمەریــکا ســەیر کــراوە، هــاوکات لــەو قۆناغــەدا هەڵوێســتی ئەمەریــکا بەرامبــەر بــە جینۆســایدی کــورد ڕوون دەکرێتــەوە.

لــە نووســینی ئــەم توێژینەوەیــەدا، ســوود لــە زۆر ســەرچاوە وەرگیــراوە، ئــەوەی لــە هەموویــان زیاتــر ســوودمان لــێ بینیبێــت، بەڵگەنامەکانــی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمەریــکا و ئەرشــیفی ئەنجومەنــی ئاسایشــی ئەمەریکایــە، چەنــد ســەرچاوەیەکی تریــش توێژینەوەکــە پشــتی پــێ دەبەســتێت، لۆکــمان میهــۆ، کــورد و کوردســتان لــە بەڵگەنامــە نهێنییەکانــی

وەزارەتــی دەرەوەی ئەمەریــکادا (٢٠٠٩)، هەروەهــا کتێبــی هێـنری کیسـنجەر ســاڵانی نوێبوونـەوە ١٩٩٩، لەگـەڵ ئەمـەدا، سـوود لــە چەنــد دیدارێــک وەرگیــراوە، کــە هاوســەردەمی ڕووداوەکان بــوون، لەنێویانــدا دکتــۆر مەحمــوود عوســمان کــە بەرپرســی پەیوەندییەکانــی دەرەوەی شــۆرش بــوو، دکتــۆر شــەفیق قــەزاز نوێنــەری ئــەو کاتــەی شــۆرش بــوو لــە ئەمەریــکا. لــە کۆتاییــدا، ئــەم توێژینەوەیــە وەک هــەر توێژینەوەیەکـی دیکـە، لـە هەڵـە و کەموکـووڕی بـە دەر نییـە، ئەگەرچـی هەوڵـی زۆرمـان داوە، تـا دەکرێـت لـەم هەڵانـە بـە دوور بیـن، هیـوادارم خزمەتێکـی زانسـتیمان لـەم بابەتـەوە پێشـکەش کردبێـت.

## تــەوەری یەکــەم/ سیاســەتی ئەمەریــکا بەرامبــەر بــە پرســی کــورد لــە عێــراق ١٩٦١-١٩٧٢ :

پرسـی کـورد لـە دوای جەنگـی دووەمـی جیهانـی بایەخێکـی ئەوتــۆی لــە سیاســەتی دەرەوەی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریـکادا نەبـووە، تەنانـەت لـە بەڵگەنامەکانـی ئەمەریـکاش شــوێنێکی گرینــگ بــۆ پرســی کــورد تەرخــان نەکــراوە، بــەڵام دوای ڕووخانــی دەســەڵاتی پادشــایەتی لــە عێــراق و وەرگرتنــی دەسـەڵات لـە لایـەن عەبدولکەریـم قاسـم، ئەمەریـکا لـە ترسـی زیادبوونـی هەژموونـی سـۆڤیەت لـە عێـراق، بـۆ فراوانکردنـی دەســەڵاتی لــە ناوچەکــە و ڕێگەگرتــن لــە تەشــەنەکردنی دەسـەڵاتی سـۆڤیەت، چەنـد ڕێگەیەکـی گرتـە بـەر بۆنموونـە؛

١- لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ ســەرۆک (ئیزنهــاوەر) هانـی جەمـال عەبدولنـاسر دەدات کـە دژایەتیـی حکومەتـی تــازەی عێــراق بــکات و ڕێگــە لــە گەیشــتی شــوعییەکان بــە دەســەڵات بگرێــت.

٢- لـە سـاڵی ١٩٦٢ دوای خۆماڵیکردنـی خاوەندارێتـی نەوتـی کۆمپانیـا ئەمەریکییــەکان لــە لایــەن ئیــدارەی قاســم، لێــرەدا ســەرۆک جــۆن کەنــەدی (١٩٦١-١٩٦٣) داوا لــە ســی ئــای ئــەی دەکات ڕێگەیــەک بدۆزنــەوە بــۆ کودەتــا لــە دژی حکومەتــی قاســم (Gibson, 2015, p. xiv).

واتــە سیاســەتی ئەمەریــکا لــەو ماوەیــە زیاتــر دژایەتیــی سـۆڤیەت بـوو کـە بەشـێک بـوو لـە جەنگـی سـارد، کوردیـش وەک بەشــێک لــە عێــراق و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــوو بــە بەشـێک لـەم جەنگـە.

دوای گەڕانــەوەی مســتەفا بارزانــی لــە ســۆڤیەت، ئەمەریکییــەکان بــەوردی چاودێرییــان دەکــرد، تەنانــەت لــە بەڵگەنامــە نهێنییــەکان ئامــاژە بــە ڕۆڵ و کاریگەریــی بارزانــی دەکــەن بــە هــۆی خۆشەویســتی و پێگــە جەماوەرییەکــەی، بــەڵام لــە ســەرەتادا ئەمەریکییــەکان ترســیان هەبــوو لــە بارزانــی، چونکــە بــۆ مــاوەی چەنــد ســاڵێک لــە ســۆڤیەت ژیابـوو، باڵێکـی پارتەکەشـی شـیوعی بـوو، بۆیـە گەڕانـەوەی بارزانییــەکان بــە بەهێزبوونــی پێگــەی شــیوعییەکان دادەنــا، لەگــەڵ ئەوەشــدا بڕوایــان وابــوو کــە بارزانــی تاکــە ڕێگەیــە بــۆ تێکدانــی ســەقامگیریی عێــراق و دژایەتیــی قاســم لــەو کاتــەدا (میهــۆ، ٢٠٠٩، ل٦٥).

لــەم ســۆنگەیەوە بــە بۆچوونــی مەحمــوود عوســمان(١) ئــەم تێڕوانینــەی ئەمەریکییــەکان لــە بەرامبــەر بارزانــی بــێ بنەمابـوو، چونکـە بارزانـی لـەو ماوەیـەی لـە سـۆڤیەت بـوو، گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە پـرس و داهاتـووی کـورد لەگـەڵ سیاســەتی ســۆڤیەت یــەك ناگرێتــەوە، هــەر بۆیــە هەوڵــی نزیکبوونـەوەی زیاتـر لـە ئەمەریـکا دەدات، لـەم سـۆنگەیەوە چەندیــن نوێنــەر و بەرپرســی کــوردی دەنێرێــت، تاوەکــو ســەردانی باڵیۆزخانەکانــی ئەمەریــکا لــە بیــروت و تەهــران بکــەن بەمەبەســتی هــاوکاری و پاڵپشــتی کــورد، بــەڵام هیــچ ئەنجامێکــی ئەوتــۆی لــێ نەهاتــە بەرهــەم (دیــدار لەگــەڵ دکتــۆر مەحمــوود عوســمان، لــە ٦ی تەممــوزی ٢٠١٥).

تەنانــەت خــودی بارزانــی لــە چاوپێکەوتنــی لەگــەڵ ڕۆژنامەنووســی ئەمەریکــی، دانــا ئــادەم شــمیدت لــە ســاڵی ١٩٦٢ کاتێـک ڕۆژنامەنـووس لێـی دەپرسـێ مـن وا تێگەیشـتووم تـۆ شـیوعی، بارزانـی تـوڕە دەبێـت و لـە سـەری هـاوار دەکات کـوا بەڵگەکانـت کـە مـن هەڵگـری بیـری شـیوعیەت بـم، لـە وەڵامــدا شــمیدت دەڵێــت: تەنهــا مەبەســتم ئــەو ١٢ ســاڵەیە لـە سـۆڤیەت ژیـاوی ڕەنـگ بێـت کەوتبێتیـە ژێـر کاریگەریـی ئایدیۆلۆژیــای شــیوعیەت (Schmidt, 1964, p.xii).

لــە مــاوەی ســاڵانی ١٩٦١ تاوەکــو ١٩٦٩ بارزانــی چەنــد هەوڵێــک دەدات بــۆ ڕاکێشــانی ســەرنجی ئەمەریــکا بــە مەبەســتی پشــتگیریکردن لــە کــورد، بەتایبــەت دوای هەڵگیرســانی شۆرشــی ئەیلــول ١٩٦١ دژی دەســەڵاتی قاســم،

بـەڵام هەوڵەکانــی ڕاکێشــانی ئەمەریــکا ئەنجامــی ئەوتــۆی نەبــوو، چونکــە ئەمەریکییــەکان ئــەو کات پرســی کوردیــان وەک پرسـێکی ناوخۆیـی عێـراق سـەیر دەکـرد، بڕوایـان وابـوو چارەسـەری ئـەم پرسـە بـە شـێوەی سیاسـی و ئاشـتی لەنـاو خـودی عێـراق دەبێـت بۆیـە ئەمەریکییـەکان ئامـادە نەبـوون دەسـت لـەم پرسـە وەربـدەن (معصـوم، ٢٠١٢، ل١٥١-١٥٣). لێرەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە ئەمەریـکا سیاسـەتی خۆپارێــزی گرتبــووە بــەر لــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ نەتــەوە جـۆر بـە جۆرەکانـی نێـو عێـراق، چونکـە نەیدەویسـت هیـچ پەرچەکردارێکــی نەخــوازراو لــە ناوچەکــە ڕوو بــدات.

لــەم ســۆنگەیەوە کاتێــک نوێنــەرەکان لــە لایــەن ســەرکردایەتیی کــورد دەنێردرانــە باڵیۆزخانــەکان ئــەوە کارمەنـدی سـادە و فەرمانبەرانـی پلەکانـی خـوارەوە دەیانبینـن، واتـە گرینگـی ئەوتۆیـان پـێ نـەدەدا. بـۆ نموونـە، لـە ئایـاری ١٩٦٢ بارزانــی نامەیــەک بــۆ ڕۆژنامەنووســی ئەمەریکــی دانـا ئـادەم شـمیدت لـە بەیـروت دەنێرێـت بـە مەبەسـتی چاوپێکەوتــن و گەیاندنــی پرســی کــورد بــە ڕۆژئــاوا بۆیەکــەم جــار، ئەوەبــوو شــمیدت لەســەر داوای بارزانــی ســەردانی چیاکانــی کوردســتانی کــرد و چاوپێکەوتــن کــرا، بارزانــی ئامادەیـی نیشـان دا پابەنـد و گوێڕایەڵـی ئەمەریکییـەکان بێـت و مەترسـی نەخاتـە سـەر بەرژەوەندییەکانیـان تەنهـا ئەمەریـکا ئامـادە بێـت پشـتگیریی پرسـی کـورد بـکات (Schmidt, 1964, pp.3-6).

لـە ٢٠ی ئەیلولـی ١٩٦٢ بارزانـی نامەیـەک بـۆ باڵیۆزخانـەی ئەمەریـکا دەنیرێـت لـە بەغـدا و داوای پشـتگیریی ئەمەریـکا دەکات، تەنانــەت وەبیریــان دەهێنێتــەوە گــەر ئەمەریــکا وەڵامــی نەداتــەوە ئامادەیــە لــە ســۆڤیەت نزیــک ببێتــەوە، دواتـر لـە هەوڵێکـی دیکـەدا جـەلال تاڵەبانـی کـە سـەرۆکی شــاندی کوردبــوو لەبەغــدا لــە ١ی نیســانی ١٩٦٣ ســەردانی باڵیۆزخانــەی ئەمەریــکا دەکات، بــەڵام ئــەم هەوڵــەش ســەرکەوتوو نەبــوو، لــە درێــژەی هەوڵەکانــی بارزانــی بــۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرانی ئەمەریـکا، لـە ٢ی حوزەیرانـی ١٩٦٤ هـەر یـەک لـە شـەوکەت عقـراوی و لوقـمان بارزانــی بــۆ باڵیۆزخانــەی ئەمەریــکا لــە قاهیــرە دەنێرێــت تاوەکــو داواکاریــی کــورد بگەینــن و ڕێگــە بــدەن ســەردانی واشـنتۆن بکـەن وەک نوێنـەری کـورد، بـەڵام ئـەم داواکارییـەش ڕەت کرایــەوە(National Archives, RG 59, 1964-66, POL 23-9 IRAQ, Doc 165).

لـە ١٩٦٥ شـاندێکی کـورد لـە هـەر یـەک لـە شەمسـەدین موفتـی و مەسـعوود بارزانـی نامەیەکیـان گەیانـدە باڵیۆزخانـەی ئەمەریـکا لـە تەهـران، داوای یارمەتیـی ڕاسـتەوخۆی ئەمەریـکا دەکـەن بـۆ کـورد لـە ڕووی دارایـی و چـەک، بـەڵام دیسـان ئەمەریکییــەکان وەڵامــی ئەوتۆیــان نەدایــەوە (NARA, RG 59, April 12, 1965, POL 23-9 IRAQ, Doc 172)، هــەر لــە ١٩٦٥ لەســەر داوای عێــراق حکومەتــی ئەمەریــکا کاری کــرد نوێنــەری بارزانــی عیســمەت شــەریف وانلــی (١٩٢٤-٢٠١١) لـە ئەمەریـکا دەربـکات و تۆمەتـی خیانەتـی بداتـە پـاڵ، لـە وەڵامـدا وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا باڵیۆزخانـەی ئـاگادار کـردەوە کـە پێشـنیازەکە پەسـەند دەکات و دەسـت بـەکار دەبێــت بــۆ گێڕانــەوەی وانلــی لــە ئەمەریــکاوە بــۆ عێـراق، سـاڵی ١٩٦٧ دکتـۆر مەحمـوود عوسـمان، نامەیەکـی تـری گەیانـدە نووسـینگەی وەزارەتـی دەرەوە بـۆ سـەرۆکی ئەمەریــکا و چارەســەری دۆزی کــورد، بــەڵام ئەمەریکییــەکان وەڵامیــان دایــەوە کــە ئــەوان لــە ڕوانگــەی مرۆڤدۆســتی دەڕوانـە پرسـی کـورد (FRUS, May 6, 1965, Vol. XXI, Doc 174).

لــە ئەنجامــی ئەمانــەی ســەرەوە، ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە بەگشــتی هەڵوێســتی ئەمەریــکا لــەو ســەردەمە بریتـی بـووە لـە مامەڵەکردنـی پرسـی کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتــی عێــراق و گەیشــتنە ڕێککەوتــن لەگــەڵ عێــراق بــێ هیــچ دەســتێوەردانێکی دەرەکــی. هەرچەنــدە هەنــدێ لــە ســەرچاوەکان ئامــاژە بــە هاوکاریــی ئەمەریــکا دەکــەن بــۆ کــورد لــە ڕێگــەی ئیسرائیــل و ئێــران لــەو ماوەیــەدا، بــەڵام ئــەم بۆچوونــە هیــچ بەڵگەیەکــی باوەڕپێکــراوی نییــە، تەنانـەت بەڵگەنامـەی فەرمـی ئەمەریـکا ئامـاژە بـەوە دەکات بەرژەوەندییەکانمـان لـە عێـراق بـە هـۆی دەسـتوەردانەکانی ئیسرائیـل و ئێـران لـە شۆڕشـی کـوردی لـە مەترسـیدا بـوو، ئەمـەش لـە لایـەك لەبـەر زیادبوونـی تەوژمـی کۆمەنیسـتی و هەژموونــی ســۆڤیەت لــە عێــراق، لــە لایەکــی دیکــەوە، درێژەکێشـانی پرسـی کـورد و بەردەوامـی ناسـەقامگیریی عێـراق

لە ئەنجامی دەستوەردانی ئەم دوو وڵاتە کە بە هاوپەیمان و دۆستی ئەمەریکا دادەنران، کاریگەریی نەرێنی لە سەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراق دروست دەکرد (FRUS, May 6, 1965, Vol. XXI, Doc 177). سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە سەردەمی ئیدارەی ڕیچارد نیکسن (١٩٦٩-١٩٧٤) دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە کانوونی دووەمی ١٩٦٩ گۆڕانکاریی گرنگ لە هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر کورد ڕوو دەدات، بەتایبەت دوای دیاریکردنی (هێنری کیسنجەر)[1] وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی، ناوبراو ڕۆڵی کاریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەرامبەر پرسی کورد هەبوو (Dallek, 2007, pp.34-39).

سەرەڕای ئەوەش لە سەرەتادا نیکسۆن گرینگی ئەوتۆی بە کەنداو و عێراق نەدەدا، چونکە سەرقاڵی شەڕی ڤێتنام (١٩٥٥-١٩٧٥) بوو، بەڵام بارزانی هەوڵی دا لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێ پەیوەندییەک بۆ کورد دروست بکات، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە حوزەیرانی ١٩٦٩ شەفیق قەزاز نوێنەری شۆرش لە واشنتۆن بە یاوەری سام ئاندرۆی سەرۆکی فیدراسیۆنی ئاشووری-ئەمەریکی، سەردانی وەزارەتی دەرەوە دەکات، نامەیەکی بارزانی لە ڕێگەی ولیەم ڕۆجێری وەزیری دەرەوە دەنێرێت، داوای هاوکاری بۆ کورد و ئاشوورییەکان دەکات و هاوکات دۆخی خراپی ئابووری و تەندروستی کوردان لە عێراق ڕوون دەکاتەوە، لەو کاتەدا پرسیار لە قەزاز دەکەن بۆ پشتگیری لە ئێران و ئیسرائیل وەرناگرن، لە وەڵامدا قەزاز دەڵێت: هاوکارییەکانی ئەم دوو دەوڵەتە سنووردارە، ئەمەریکییەکان لە وەڵامدا دەڵێن: ئێمە ناتوانین هاوکاریتان بکەین، قەزاز وەڵام دەداتەوە ئێمە ئەو ڕۆژانە لە بیر ناکەین لەکاتی پێویست هاوکاریتان نەکردین، چونکە ئێمە جیابوونەوەمان ناوێت، بەڵکو ئۆتۆنۆمی و مافەکانمان لە چوارچێوەی عێراق دەوێت، لە کۆتاییدا ئەمەریکییەکان دەڵێن: ئێمە نیگەرانین بۆ دۆخی کورد و ئاشووری، بەڵام ناتوانین دەستوەردان بکەین(FRUS, June 13, 1969, Vol. E-4, doc259؛ دیدار لەگەڵ دکتۆر شەفیق قەزاز، ٢٧ی تەممووزی ٢٠١٥).

جێگای باسکردنە، ئەوە یەکەم دیداری کورد بوو لە ئیدارەی نیکسۆن، بەڵام داواکاریی کورد جارێکی دیکە لەبەرچاو نەگیرا، ئەمەش نائومێدی کوردی لێ کەوتەوە و لە ئەنجامدا کوردی لە سۆڤیەت و عێراق نزیک کردەوە، دواتر ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی لێ کەوتەوە (دیدار لەگەڵ دکتۆر مەحمود عوسمان، ٦ی تەممووزی ٢٠١٥). لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١ گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕووی دا، دوای ئەوەی ڕیچارد نیکسۆن بڕیاری دا بەرپرسیارێتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوە بگوازرێتەوە بۆ هێنری کیسنجەر بە شێوەیەک نیکسۆن سوور بوو لەسەر دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکانی ناوچەکە (Sulzberger, 1987, p.96). پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی هیچ کات لە ئەجێندای ئەمەریکادا نەبووە، چونکە ئەمەریکا زیاتر لەگەڵ حکومەتەکان بووە، هەندێ جار هاوکارییەکان زیاتر مرۆیی بوونە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خێرخوازەکان هاوکارییەکانیان بە کورد گەیاندووە، بەڵام وەک سیاسەت حکومەتی ئەمەریکا لەو قۆناغەدا پرسی کوردی هەرگیز وەک پرسێکی نێودەوڵەتی سەیر نەکردووە(میهۆ، ٢٠٠٩، ل٢٦).

**تەوەری دووەم/ پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا ١٩٧٢-١٩٧٥**

لەم ماوە مێژووییەدا ئەمەریکییەکان تا ئاستێکی جیاواز لە سەردەمی پێشوو سیاسەتی دەرەوەیان بەدیاریکراویش بەرامبەر بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەردەکەوێت، بە شێوەیەک هاوکاریی دارایی و سەربازی شۆرشی کوردی دەکەن، بەتایبەت لە سەردەمی ئیدارەی (ریچارد نیکسۆن) بۆ لاوازکردنی حکومەتی عێراق و ڕێگەگرتن لە فراوانبوونی دەسەڵاتی سۆڤیەت و دروستکردنی بەرەی شیوعیەت لە ناوچەکەدا.

دەستپێکی پەیوەندیی فەرمی لە نێوان ئەمەریکا و کورد لە ١٩٧٢ دروست بوو، ئەویش دوای پێداگریی زۆری مستەفا بارزانی لەسەر شای ئێران و پێداگریی (شا)ش لەسەر ئەمەریکا، بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی هاوکاری و دۆستایەتی لە نێوان عێراق و سۆڤیەت لە نیسانی ١٩٧٢، ئەمەش ترسی لای ئێران و ئەمەریکا دروست کرد کە کار

---
١.

بکاتـە سـەر کوردەکانیـش، بۆیـە ئەمەریـکا پەیوەنـدی لەگـەڵ شۆڕشـی کـورد دروسـت کـرد، بـەڵام پەیوەندییەکـی نهێنـی بـوو لـە ڕێگـەی شـای ئێرانـەوە، واتـە کلیلـی پەیوەندییەکـە ئێـران بـوو، بۆیـە دواتـر کـە ئێـران گەیشـتە ڕێککەوتـن لەگـەڵ عێـراق لـە ١٩٧٥ لـە جەزائیـر و کاری بـە کـوردەکان نەمـا، ئیـتر ئەمەریـکاش پەیوەندییـەکان و هاوکارییەکانـی کـوردی ڕاگـرت و پشـتی تـێ کردن(دیـدار لەگـەڵ دکتـۆر مەحمـود عوسـمان، ٦ی تەممـوزی ٢٠١٥).

دوای ڕێککەوتنـی هەماهەنگـی و دۆسـتایەتیی نێـوان عێـراق و سـۆڤیەت لـە ٩ ی نیسـانی ١٩٧٢، بـۆ مـاوەی ١٥ سـاڵ بـوو، لـە ٨ مـاددە پێـک هاتبـوو بـە شـێوەیەک سـۆڤیەت هاوکاریـی عێـراق دەکات لـە ناوەخـۆ و دەرەوە، مەبەسـت لـە هاوکاریـی ناوخۆیـی زیاتـر جووڵانـەوەی کـورد دەگرێتـەوە، بـۆ هاوکارییـە دەرەکییەکانیـش خـۆی لـە کێشـەکانی کەنـداو دەبینیـەوە، دەقـی ئـەم ڕێککەوتنـە گەیشـت بـە سـەرۆک نیکسـۆن (FRUS, July18, 1972, Vol. E-4, doc321). نیکسـۆن و کیسـنجەر لـە ٣٠ی ئایـاری ١٩٧٢ گەیشـتنە تـاران، نیکسـۆن ڕایگەیانـد ئـەم سـەردانەی تـاران بـۆ دووپاتکردنـەوەی پشـتگیریمانە بـۆ ئێـران و هاوپەیمانانمـان لـە ناوچەکـە، شـا نیگەرانـی خـۆی دەربـڕی سـەبارەت بـە ڕێککەوتنـی عێـراق و سـۆڤیەت و مەترسـی نزیـک بوونـەوەی کـوردەکان لـە سـۆڤیەت، لـەم سـۆنگەیەوە داوای یارمەتـی ئەمەریـکای بـۆ شۆڕشـی کـورد کـرد(FRUS, July18, 1972, Vol. E-4, doc321).

بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـای ئێـران دوو داواکاریـی ئاراسـتەی نیکسـۆن کـرد، یەکـەم داوا لـە پنتاگـۆن دەکات یارمەتیـی پێداویسـتییەکانی چـەک و سـەربازی ئێـران بـدات، دووەم ئەوەشـی دەرخسـت بـێ یارمەتیـی ئەمەریـکا شۆڕشـی کـورد تووشـی نسـکۆ دەبێـت، بۆیـە پێوسـتە بـە شـێوەیەکی کاراتـر بەشـدار بـن لـە هەڵوێسـت وەرگرتـن بەرامبـەر سیاسـەتی حکومەتـی عێراقـی لـە هەمبـەر کـورددا، لـە ئەنجامـدا نیکسـۆن ڕەزامەنـد دەبێـت یارمەتیـی شۆڕشـی کـورد بـدات (Kissinger, 1999, pp. 579-583). هـەر وەک دەبینرێـت شـا دەبێتـە کلیلـی پەیوەندییـەکان و پەیوەندییەکانیـش بـە نهێنـی دەبێـت تەنانـەت ئـەم گفتوگۆیـە لـە هیـچ بەڵگەنامەیەکـی ئەمەریـکا ئامـاژەی پـێ نـەدراوە تـا بـە پارێـزراوی بمێنێتـەوە، دواتـر، کیسـنجەر لـە بیرەوەرییەکانـی خـۆی بـڵاوی کردۆتـەوە.

لـە ٥ی حوزیرانـی ١٩٧٢ شـا داوا دەکات کۆبوونـەوەی نێـوان نوێنەرانـی بارزانـی و ئەمەریکییـەکان ڕێـک بخرێـت و گفتوگۆیـان لەگـەڵ بکـەن، دواتـر کیسـنجەر لـە ئەنجامـی گفتوگۆکـە ئـاگادارم بکاتـەوە، ئـەوە بـوو دەسـتەیەک لـە ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی هەڵسـەنگاندنیان بـۆ ڕەوشـەکە کـرد، سـەبارەت بـە پشـتگیریی کـورد کۆمەڵێـک خاڵـی ئەرێنـی و نەرێنـی دەخەنـە بـەردەم کیسـنجەر، وەک پشـتگیریی کـوردەکان دەبێتـە بەردەوامـی شـۆڕش و ڕێگەگرتـن لـە سـۆڤیەت بـۆ دروسـتکردنی بەرەیەکـی شـیوعی لـە عێـراق، بەهـۆی سـەرقاڵی عێـراق بـە دۆخـی ناوخۆیـی کاریگـەری لەسـەر پاراسـتنی ئاسایشـی هاوپەیمانـان دەبێـت بەتایبـەت هاوپەیمانـە نزیکەکانـی ئەمەریـکا لـە ناوچەکـە کـە بریتـی بـوون لـە هـەر یـەک (ئێـران، ئـوردەن و ئیسرائیـل). بـەدەر لەمـەش ئەوەیـان دەرخسـت کـە دەتوانـن سـوود لـە کـورد وەرگـرن بـۆ یارمەتیـی کودەتـا، سـەبارەت بـە خاڵـە نەرێنییـەکان، ئەمەریـکا لـە شـەڕێکی هەرێمـی دەئاڵێـت و لەبـڕی ئەمەریـکا، سـعودیە و ئێـران دەتوانـن ئـەم کارە بکـەن و زیـان بـە ئەمەریـکا نـەگات، ئـەم کارە بـە کارێکـی ڕاسـتەوخۆ دژی سـۆڤیەت لـە عێـراق دادەنرێـت، هەرچەنـدە دەزگای هەواڵگریـی ئەمەریـکا دژایەتیـی سـەردانی نوێنەرانـی کـوردی کـرد، بـەڵام دوا جـار ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی ڕەزامەنـد بـوون بـۆ بینینـی نوێنـەری کـورد و کۆبوونـەوە لەگەڵیـان(FRUS, June 7, 1972, Vol. E-4, doc 313-318).

سـەرئەنجام لـە ٣٠ی حوزەیرانـی ١٩٧٢ کۆبوونەوەیەکـی فەرمـی لـە لایـەن هەریـەک لـە (ریچـارد هێلمـس بەڕێوەبـەری دەزگای هەواڵگریـی سـی ئـای ئـەی، ریچـارد کەنـەدی ئەندامـی ئاسایشـی نیشـتمانی و نوێنەرێکـی پنتاگـۆن) لەگـەڵ نوێنەرانـی کـورد هـەر یـەک لـە ئیـدرس بارزانـی و مەحمـوود عوسـمان لـە واشـنتۆن کـۆ بوونـەوە، لـە کۆبوونەوەکـە نوێنەرانـی کـورد داواکاریـی بارزانیـان گەیانـد کـە داوای یارمەتـی سیاسـی، داراییـی، سـەربازی و هەواڵگـری دەکات بـۆ بەردەوامـی شـەڕکردن لەگـەڵ سوپای عێـراق و کەمکردنـەوەی کاریگەریـی سـۆڤیەت لـە ناوچەکـە، لەبەرامبـەردا ریچـارد هێلمـس ڕوونـی کـردەوە کـە نوێنەرایەتیـی کیسـنجەر دەکـەن لـەم کۆبوونـەوە

بـۆ پشـتگیری لـە شۆرشـەکەی کـورد، هەروەهـا ئەوەشـی ڕوون کـردەوە ئـەم سـەردانە بەڵگەیـە لەسـەر گرینگیـی بابەتـی کـورد، بـەڵام پێویسـتە پەیوەندییەکـە بـە نهێنـی بمێنتـەوە و ناتوانیـن بـە ئاشـکرا پشـتگیریتان بکەیـن، بەڵکـو هاوکارییـەکان لـە ڕێگـەی ئێـران و ئیسرائیـل و ئـوردەن دەنێریـن(FRUS, July 5, 1972, Vol. E-4, doc319). هەرچەنـدە مەحمـوود عوسـمان داوای کـرد پەیوەندییەکـە ڕاستەوخۆ بنیـاد بنرێـت نـەوەک لـە ڕێگـەی ئێـران، بـەڵام ئەمەریکییـەکان ئـەم داواکارییەیـان ڕەت کـردەوە، ڕایانگەیانـد کـە شـا کلیلـی پەیوەندییەکانـە و بۆیـە هیـچ داواکارییـەک بەبـێ شـا ڕەزامەنـدی لەسـەر نادرێـت (دیـدار لەگـەڵ دکتـۆر مەحمـود عوسـمان، ٦ی تەممـوزی ٢٠١٥). دەکرێـت بگوترێـت دروسـتبوونی ئـەم پەیوەندییـەی ئەمەریـکا لەگـەڵ کـورد کاردانـەوەی ڕێککەوتنـی عێـراق و سـۆڤیەت بووبێـت.

دوا بـە دوای ئەمـە لـە ١ی ئابـی ١٩٧٢ نیکسـۆن واژۆی لەسـەر بڕیـاری یارمەتیـی نهێنـی کـوردەکان کـرد کـە پێـک هاتبـوو لـە بـڕی (٢٥٠) هـەزار دۆلار مانگانـە، واتـە (٣) ملیـۆن دۆلار بـۆ سـاڵێک لەگـەڵ ئـەوەش بـڕی (٢) ملیـۆن دۆلار وەک هـاوکاری لـە شـێوەی چـەک و پێداویسـتیی سـەربازی دەبێـت، هەروەهـا کیسـنجەر ڕایگەیانـد بڕێکـی زیاتریـش لـە لایـەن ئیسرائیـل و بەریتانیـا دەخرێتـە سـەر هاوکارییەکـە و کـۆی گشـتی دەگاتـە (١٢) ملیـۆن دۆلار لـە سـاڵێک، لەگـەڵ ئـەوەش کیسـنجەر پێـی وابـوو ئـەم بـڕە یارمەتییـە بـۆ ئـەو کات ڕێژەیەکـی کـەم بـووە(FRUS, 1969–1976, Vol. E-4, doc322). بـۆ دڵنیابـوون لـە شـێوازی گەیشـتنی هاوکارییەکـە، لـە ٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٧٢ کیسـنجەر ڕاپۆرتێـک بـۆ سـەرۆک نیکسـۆن دەنێرێـت و تێیـدا ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە کـە هاوکارییـەکان پێـک هاتـوون لـە بـڕی پـارەی (٤) مانـگ و دە تـەن فیشـەک و چەکـی بچـووک بـێ هیـچ دواکەوتنێـک گەیشـتۆتە دەسـتی بارزانـی، هـاوکات ئـەوەش دەردەخـات ئـەم یارمەتییـە کاریگەریـی خـۆی هەبـووە و بۆتـە هـۆی نیگەرانیـی حکومەتـی عێراقـی و سـۆڤیەت سـەبارەت بـە بارزانـی، چونکـە کـوردەکان توانیویانـە دوو لەسـەر سـێی سـوپای عێـراق سـەرقاڵ بکـەن لەناوچەکـە (FRUS, October 5, 1972, Vol. E-4, doc325).

ئـەم هاوکارییـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ پەلامـاری سـوپای عێـراق لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٧٣ بـۆ سـەر سـنووری کوێـت و دوو دوورگەیـان داگیـر کـرد، لـەو کاتـەدا عێـراق بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بـەردەوام لـە پاڵپشـتی گروپـە توندڕەوەکانـی فەلەسـتین و پاکسـتاندا بـوو بـۆ ئـەوەی ڕێگـر بـن لـە ڕێککەوتنـی عـەرەب و ئیسرائیـل، هەرئەمـەش دەبێتـە هۆکارێـک تـا کیسـنجەر و دەزگای هەواڵگریـی ئەمەریکـی داوای زیادکردنـی یارمەتـی بـۆ کـوردەکان لـە نیکسـۆن بکـەن، لـە ئەنجامـدا ڕێـژەی یارمەتییەکـە زیـاد کـرا بـە بـڕی (١٠) تـەن پێداویسـتیی تەندروسـتی و کەلوپەلـی ڕۆژانـە، لەگـەڵ ئـەوەش هاوکارییـە داراییەکانـی ئەمەریـکا سـاڵانە لـە (٣) ملیـۆن بـۆ (٥) ملیـۆن دۆلار بـەرز دەکرێتـەوە، تاوەکـو هێـزی کـوردەکان کـە نزیکـەی بـە (٢٥) هـەزار پێشـمەرگە دەخەملێـنرا بەهێـز بـن و بـەردەوام بـن(FRUS, March 29, 1973, Vol. XXVII, doc207). وەک تێبینـی دەکرێـت ئـەم یارمەتییـە کاردانەوەیـەک بـوو بەرامبـەر چالاکییەکانـی عێـراق دژ بـە ئیسرائیـل و کوەیـت، نـەوەک ئامانجـی خزمەتـی پرسـی کـورد بێـت، تەنانـەت ئـەم چـەک و پێداویسـتییەی دەدرا بـە هێزەکانـی بزاڤـی ڕزگاریخـوازی کـورد زیاتـر چەکـی بەرگـری بـوو نـەوەک هێرشـکردن، تاوەکـو تواناکانـی سـنووردار بێـت.

لـە ئەنجامـی ئـەم پێشـهاتەدا لـە ٢ی حوزەیرانـی ١٩٧٣ شـاندێکی باڵیۆزخانـەی سـۆڤیەت سـەردانی کوردسـتان دەکـەن و لەگـەڵ بارزانـی کـۆ دەبنـەوە بـە مەبەسـتی ئاسـاییکردنەوەی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق، بـەڵام بارزانـی ڕایدەگەینێـت کەبەعسـییەکان نیازیـان پـاک نییـە و ڕاسـتگۆ نەبـوون، ڕێککەوتنـی ١١ی ئازاریـان نەبـردە سـەر و تەنانـەت هەوڵـی کوشـتنی خـودی خۆیـان داوە، لـەو کاتـەدا شـاندی سـۆڤیەت بـە بارزانـی دەڵێـن هەنـدێ کۆبوونـەوە و جموجۆڵـی دیبلۆماسـیی نهێنـی لـە نێـوان وەزیرانـی دەرەوەی ئێـران و عێـراق لـە شـاری (جەنـەوە)دا لەئارادایـە بـە نێوەندگیـری تورکیـا، ئـەوەش مەترسـی لەسـەر دواڕۆژی جوڵانـەوەی کـورد دروسـت دەکات، لێـرەدا سـەرکردایەتی کـورد نیگـەران دەکات، بـەڵام وەک کاردانەوەیـەک ئێرانییـەکان دەسـتیان بـە پروپاگەنـدە کـرد دژی عێـراق و کوردیـان دڵنیـا کـردەوە یارمەتییـەکان بـەردەوام دەبێـت(National Archives, May 17, 1973 RG59/CFPF,p.1).

لــە ٢٤ی تەممــوزی ١٩٧٣ نیکســۆن و شــای ئێــران لــە کۆشــکی ئۆڤــال ئۆفیســی نیکســۆن کــۆ دەبنــەوە، لــە کاتــی گفتوگــۆ شــا ڕایدەگەینــێ یارمەتییەکانــی ئەمەریــکا بــۆ کــورد یارمەتیــدەر بــووە بەتایبــەت لــە ڕووی ســایکۆلۆجیی کــوردەکان دڵگەرمــن بــە بینینــی پشــتگیریی وڵاتێکــی زلهێــز، هەروەهــا کیســنجەر و شــا پێشــنیاز دەکــەن یارمەتییــەکان زیاتــر بکــەن لەســەر ئاســتی بنکــەی تەندروســتی و پێداویســتیی دیکــە، ســەرۆک نیکســۆن ڕەزامەنــد دەبێــت، شــا دەڵێــت کــوردەکان دەبێــت هــەر لەژێــر دەســتی عێــراق بــن، بــەڵام لــە ئێســتادا تاکــە کارتــن دژی عێــراق بــە کاریــان بهێنیــن(FRUS, 1969–1976, Vol. XXVII, documents 25-27).

کاتێــک هێرشــی ئۆکتۆبــەری ١٩٧٣ کرایــە ســەر ئیسرائیــل لــە لایــەن میســر و ســووریا، ئــەم هێرشــە بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ کاریگــەری لەســەر شۆڕشــی کــورد دروســت کــرد، چونکــە عێــراق و ســۆڤیەت هاوکاریــی ســووریایان دەکــرد و بەتالیۆنێــک ســوپای عێــراق چوونــە ســووریا، لــەو کاتــەدا ئیسرائیــل داوای لــە بارزانــی کــرد هێــرش بکاتــە ســەر هێزەکانــی عێــراق تاوەکــو فشــارەکان لەســەر ئیسرائیــل کــەم بکرێتــەوە، بارزانــی نامەیەکــی بــە پەلــەی بــۆ کیســنجەر نــارد ســەبارەت بــە داواکاریــی ئیسرائیلییــەکان، بــەڵام کیســنجەر دەســتبەجێ وەڵامــی دایــەوە کــە هێــرش نەکــەن ئێــوە توانــای هێرشــتان نییــە(Kissinger,2009, p.587). بێگومــان ئەمەریــکا نەیدەویســت کــوردەکان باڵادەســت بــن بــە ســەر ســوپای عێــراق، بەڵکــو ئامانجیــان تەنهــا لاوازکردنــی ســوپای عێــراق بــوو، هەروەهــا مەبەســتی لاوازکــردن و کەمکردنــەوەی هەژموونــی ســۆڤیەت بــووە لــە عێــراق، بۆیــە دەبینیــن لــەم ماوەیــە تاوەکــو ئــازاری ١٩٧٤ یارمەتیــی ئێــران و ئەمەریــکا بــۆ کــورد بریتــی بــوو لــە ســەرقاڵکردنی عێــراق بــە کێشــەی ناوخــۆ و دوورکەوتنــەوە لــە ململانێکانــی ئیسرائیــل و عــەرەب.

لــە ئــازاری ١٩٧٤ دوای چــوار ســاڵ تێپەڕبــوون بــە ســەر ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازار، بەعســییەکان ڕێککەوتنێکــی دیکــە بــۆ کــورد دەهێننــە پێشــەوە بــە جۆرێــک هەندێــک خــاڵ لەســەر ڕێککەوتنــی ١١ی ئــازاری ١٩٧٠ زیــاد دەکــەن، بــۆ ئەمــەش تاوەکــو ڕێککەوتــی ٢٦ی ئــازار کات بــە بارزانــی دەدەن بــۆ پەســەندکردن، بــەڵام ئــەوەی تێبینــی دەکرێــت لــەو سنووره جوگرافیــەی کــە لــە ناوەڕۆکــی ڕێککەوتنەکــە هاتبــوو ناوچەکانــی کەرکــوک و دەوروبــەری لەخــۆ نەگرتبــوو، لێــرەدا بارزانــی گفتوگــۆ لەگــەڵ دەزگای هەواڵگریــی ئەمەریکــی (CIA) و دەزگای هەواڵگریــی ئێــران (ســاواک) دەکات ئەوەیــان بــۆ ڕوون دەکاتــەوە کــە گەلــی کــورد لــە نێــوان دوو بژاردەدایــە بــە شــێوەیەک، یــان دەبێــت بــە ناچــاری ئــەم ڕێککەوتنــە پەســەند بکــەن، یــان ئەوەتــا درێــژە بــە شــەڕی حکومەتــی عێراقــی بدرێــت، بۆیــە گــەر بڕیارتــان لــە نێــوان ئــەم دوو بژاردەیــە شــەڕ بێــت، پێویســتە یارمەتییەکانتــان زیــاد بکــەن و هــاوکات چەکــی قــورس و دژە تانــک و تەنانــەت فڕۆکــەش لەخــۆ بگرێــت(FRUS, March 21, 1974, Vol. XXVII, doc243).

کیســنجەر لــە بیرەوەرییەکانــی خــۆی ئامــاژە بــەوە دەکات، بارزانــی لــەم دیــدارەدا دوو ســتراتیژیەتی خســتە پێشــمان ئەوانیــش، یەکــەم تێچووەکــەی ١٨٠ ملیــۆن دۆلار بــوو بــۆ بەدەســتهێنانی ئۆتۆنۆمــی تــەواو، دووەم تێچــووی بــڕی ٣٦٠ ملیــۆن دۆلار بــۆ دروســتکردنی کیانێکــی ســەربەخۆ، ئــەوەش هەرگیــز قبوڵکراو نەبــوو لــە لایــەن ئێــران و تورکیا، ئەمەریــکاش نیــازی نەبــوو بــڕە پارەیەکــی لــەم شــێوەیە پێشــکەش بــکات(Kissinger, 1999, p.588). لێــرەدا ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە کــە یارمەتیــی ئەمەریــکا بــۆ کــورد ســنووردار بــووە، هــاوکات ئامانجــی دیاریکــراوی هەبــوو تاوەکــو فشــار بخەنــە ســەر بەغــداد بــۆ سازشــکردن و خزمەتــی بەرژەوەندییەکانــی ئەمەریــکا و هاوپەیمانانــی نــەوەک ســەربەخۆیی کــورد.

لــە ئــازار و نیســانی ١٩٧٤ شــەڕ و ململانێــی نێــوان کــورد و عێــراق پێــی نایــە قۆناغێکــی توندتــر هــەر ئەمــەش هــۆکار بــوو تــا بارزانــی داوای یارمەتــی زیاتــر بــکات لــە ئەمەریــکا، بۆیــە کیســنجەر داوای لــە نیکســۆن کــرد هاوکارییــەکان لــە پێنــج ملیــۆن بــەرز بکاتــەوە بــۆ هەشــت ملیــۆن و ئەمــەش لــە لایــەن ســەرۆکی ئەمەریــکا ڕەزامەنــدی لەســەر درا، هەرچەنــدە ئەمەریــکا هاوکارییــە داراییەکانــی زیــاد کــرد هەروەکــو لــە نامــەی کیســنجەر بــۆ باڵیــۆزی ئەمەریــکا لــە تــاران ڕوون کراوەتــەوە، بــەڵام ســەبارەت بــە دامەزراندنــی خۆبەڕێوەبەریــی کــورد دەبێــت لەگــەڵ عێراقییــەکان گفتوگــۆ بکــەن، چونکــە لــە سیاســەتی ئەمەریــکادا نەبــوو کــە عێــراق

دابەش بێت و کورد جیا بێتەوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و ئێران لەگەڵ عێراق بۆ هەمیشە هاوکات تورکیاش دژدۆنگ و ناڕازی بوو (FRUS, April 11, 1974, Vol. XXVII, document 246). ئەگەرچی ئەمەریکا و ئێران هاوکارییەکان بۆ کورد زیادە کەن، تاوەکو فشاری زیاتر لەسەر عێراق دروست بێت و ملکەچی بەرژەوەندییەکانیان بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو ئۆتۆنۆمی و جیابوونەوەی کورد نەبوون کە بارزانی چەند جارێک داوای کرد .

لە ١٥ی ئایاری ١٩٧٤ بارزانی داوای بینینی ڕاستەوخۆی کیسنجەری کرد تاوەکو خودی خۆی ڕوونکردنەوە لەسەر پرسی کورد بدات، بەڵام دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا ئامۆژگاری کیسنجەری کرد کە ئەم دیدارە ڕێک نەخات و دەیانگوت «**چونکە یارمەتییەکانمان نهێنییە و عێراق هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراویان لە ژێر دەستدا نییە، بەڵام گەر بارزانی بێتە ئەمەریکا پەیوەندییەکانمان ئاشکرا دەبێت و زیانمان پێ دەگات**»(FRUS, May 23, 1974, Vol. XXVII, document 250). لە حوزەیران تاوەکو ئابی ١٩٧٤ نزیکبوونەوە لە نێوان عێراق و ئەمەریکا ڕوو دەدات بەتایبەت لە ڕێگەی باڵیۆزی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان طالیب شبیب، عێراق ڕایدەگەینێت ئامادەیە سیاسەتی بەرەو ڕۆژئاوا بگۆڕێت و دەرفەتی زیاتر بدات بە کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا، ئەم هەڵوێستە لە لایەن ئەمەریکییەکان پێشوازی لێ کرا(FRUS, August 5, 1974, Vol. XXVII, document 256).

لە دەرئەنجامی گۆڕینی سیاسەتی ئەمەریکا بەرامبەر بە عێراق، لە ئەیلولی ١٩٧٤ تورکیا هەڵدەستێ بە نێوەندگیریی ئێران و عێراق بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆبوونەوەیەک لە ئەستنبۆڵ دەبەسترێت، بەڵام لەبەر بێ متمانەیی هەر دوولا بە یەکتر کۆبوونەوەکان ئەنجامی نابێت، هاوتەریب لەگەڵ ئەمە شۆڕشی کورد بەردەوامی دەبێت و عێراق بە هەموو توانای هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی کورد، لە بەرامبەردا بارزانی هەوڵ دەدات هێرش بکاتە سەر کێڵگە نەوتییەکان، بۆ ئەم مەبەستە هێرشەکەش لە لایەن سامی عبدالرحمان سەرکردایەتی دەکرا، بەڵام دەستبەجێ کیسنجەر ڕەتی دەکاتەوە و بە کارێکی مەترسیداری دادەنێت(FRUS, September 18, 1974, Vol. XXVII, document 262). چونکە ئەمە لەگەڵ خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا لەناوچەکە نەدەگونجا، بەتایبەت لەم سەروبەندە نزیکبوونەوەیەک لە نێوان کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراقی هاتبووە ئاراوە، بەم شێوەیە بارودۆخەکە بەردەوامی دەبێت تاوەکو ساڵی ١٩٧٥.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٥ گفتوگۆ نهێنییەکان لە نێوان عێراق و ئێران پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ، لەسەر بابەتی ناوچە سنوورییەکان و پرسی کورد، بۆ ئەم مەبەستەش سەدام حسێن داوا لە وڵاتانی عەرەبی دەکات فشار بخەنە سەر ئێران بۆ ڕێککەوتن، ئەمەش بووە نیازپاکییەک تا ئەمەریکا لەوە دڵنیا بێت کە عێراق سیاسەتی گۆڕاوە بەرەو ڕۆژئاوا هەوڵی نزیک بوونەوە دەدات(FRUS, December 30, 1974, Vol. XXVII, document 270). لەم کاتەدا مستەفا بارزانی هەست بەمەترسییەکان دەکات، بۆیە چەند جارێك داوای ناردنی نوێنەر یاخود خودی خۆی دەکات بۆ واشنتۆن بە مەبەستی وتوێژکردن لەسەر پرسی کورد، بەڵام بەردەوام دەزگای هەواڵگری ڕەتی دەکاتەوە بە بیانوی ئەوەی ناتوانن سەردانی بارزانی بەنهێنی بپارێزن، هەرچەندە دەستەی ئاسایشی نیشتمانی ڕەخنە لەم هەڵسوکەوتە دەگرن بەرامبەر بە بارزانی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەی کە بارزانی وەک سەرکردەیەک قوربانی و خەباتی لەپێناو گەلەکەی کردووە و شایانی وەڵامێکی ئەرێنییە، دواجار لە کۆتایی مانگی شوباتی ١٩٧٥ شا لە شاری زیورخ لە سویسرا چاوی بە کیسنجەر دەکەوێت و ڕایدەگەینێت هەوڵ دەدات یارمەتییەکان بۆ کوردەکان ڕابگرێت، چونکە خەریکی ڕێککەوتنە لەگەڵ عێراق و ناتوانێت ڕەزامەند بێت لەسەر ئۆتۆنۆمی کوردەکان، کیسنجەر ئەم کۆبوونەوەیە دەکاتە ڕاپۆرت بۆ سەرۆک جێرالد فۆرد (١٩١٣-٢٠٠٦) سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا، بێگومان ئەمەریکا دژایەتیی کارێکی لەم جۆرە ناکات، چونکە خۆی هەوڵی دەدا سیاسەتی عێراق بگۆڕێت بۆ ڕۆژئاوا (FRUS, February 6, 1975, vol. XXVII, document 272).

ئەوەبــوو لــە ٣ بــۆ ٦ی ئــازاری ١٩٧٥ دوو کۆبوونــەوە لــە نێــوان ســەدام حســین و محەمــەد ڕەزا شــا بــە نێوەندگیــری ســەرۆکی جەزائیــر هــەواری بۆمیدیــان (١٩٣٢-١٩٧٨) ئەنجــام درا و هــەردوو لا ڕێــک کەوتــن، دواتــر بەندەکانــی ڕێککەوتــن بــڵاو کرایــەوە و یــەک هەفتــە بــۆ کــوردەکان دیــاری کــرا تــا لــە عێــراق بمێننــەوە، یاخــود بکشــێنەوە بــۆ خاکــی ئێــران(FRUS, March 8, 1975, vol. XXVII, document 276). تەنانــەت لــە ٥ی ئــازار لەکاتــی ســەردانی بارزانــی بــۆ تــاران و کۆبوونــەوە لەگــەڵ ســەرۆکی ســاواک ژەنــەڕاڵ نعمــت اللــە نصیــری، ئەوەیــان نەشــاردەوە کــە بــە نیــازن ســنوورەکان دابخــەن و هاوکارییــەکان ڕابگــرن، بۆیــە پێویســتە لەگــەڵ بەغــدا بگەنــە ڕێککەوتــن، یــان پێشــمەرگەکان وەک کۆچبــەر لــە خاکــی ئێــران وەربگریــن (NARA/RG59/CFPF, March 15, 1975, p.1). لەبەرئــەوەی بارزانــی هــەر لەســەرەتاوە بــڕوای بــە بەڵێنەکانــی شــای ئێــران نەبــوو، بۆیــە هەڵوێســتی تونــدی نەنوانــد بەرامبــەر پێشــنیازەکانی نصیــری، بۆیــە هەمیشــە هەوڵــی دەدا ئەمەریــکا بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ بێتــە نــاو بابەتەکــە تاوەکــو ببێتــە دڵنیاییــەک بــۆ داهاتــووی کــورد، کەچــی ئەمەریــکاش لەبــەر شــای ئێــران یارمەتیــی کــوردی دەدا، بۆیــە کاتێــک ئێــران پشــتی لــە داخوازییەکانــی گەلــی کــورد کــرد، لێــرەدا ئەمەریــکاش هاوکارییــە دارایــی و ســەربازییەکانی بــۆ گەلــی کــورد ڕاگــرت.

هــەر دوای واژۆی ڕێککەوتنــی جەزائیــر، حکومەتــی عێــراق بەڵێنەکــەی شــکاند و گەورەتریــن هێرشــی کــردە ســەر کــوردەکان، بۆیــە بارزانــی لــە ١٠ی ئــازاری ١٩٧٥ نامەیەکــی بــۆ کیســنجەر نــارد لــە ڕێگــەی باڵیــۆزی ئەمەریــکا لــە ئێــران دەڵێــت؛ «**دڵــمان خوێنــی لــێ دێــت کاتێــک دەبینیــن بــە هــۆی ڕێککەوتنێــک خەڵکــە بێتاوانەکەمــان لەنــاو دەچــن بــە هــۆی داخســتنی ســنووری ئێــران و ڕاگرتنــی هاوکارییــەکان، عێراقیــش گەورەتریــن هێرشــی دەســت پــێ کــردووە و بەردەوامــە، شــۆڕش و خەڵکەکەمــان لەنــاو دەچــن بــە شــێوەیەکی باوەڕپێنەکــراو لــە کاتێکــدا هەمووتــان بێدەنگــن، بۆیــە ئەرکێکــی ئەخلاقــی و سیاســی لــە ئەســتۆی ئەمەریکایــە بەرامبــەر بــە خەڵکەکەمــان هەڵوێســتێکتان هەبێــت**» (Kissinger, 1999, pp. 595-596).

بارزانــی داوا لــە کیســنجەر دەکات بۆئــەوەی ئەمەریــکا هەڵوێســت لەمــەڕ هێرشــی عێــراق بــۆ ســەر کــورد وەربگرێــت و ڕێگایــەک بدۆزێتــەوە کــورد لەگــەڵ عێــراق گفتوگــۆ بــکات، یاخــود فشــار لــە حکومەتــی ئێــران بــکات هاوکاریــی کــوردەکان بــکات، لایەنــی کــەم یارمەتــی پێشــمەرگەکان بــدات تاوەکــو چارەســەرێک بــۆ پرســی کــورد دەدۆزرێتــەوە(FRUS, March10, 1975, Vol. XXVII, doc278). کیســنجەر لــە بیرەوەرییەکــەی ئامــاژە بــە ئــەوە دەکات کــە وەڵامێکــی ئەوتــۆی نەبــووە بــۆ داخوازیــی نامەکــەی مســتەفا بارزانــی هــەر بۆیــە بێدەنگــی نوانــدووە و بەتایبــەت دوای داخســتنی ســنوورەکان لــە لایــەن شــای ئێرانــەوە، ئەمەریــکا پێــی وابــوو هیــچ ڕێگایــەک نەمــاوە بــۆ گەیاندنــی هاوکارییــەکان (Kissinger, 1999, pp. 595-596). ئــەم سیاســەتە دووفاقیــەی ئەمەریــکا بۆتــە جێــگای ســەرنجی توێــژەران و ڕەخنــەی تونــد لــەم هەڵوێســتەی ئەمەریــکا و کیســنجەر دەگــرن، بــە دوور لــە ئــاکاری مرۆڤایەتــی و نێودەوڵەتــی نــاوزەد دەکــەن.

### تــەوەری ســێیەم/ ڕەنگدانــەوەی پرســی کــورد لــە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریــکا ١٩٧٥-١٩٩٠

ڕێککەتنامــەی جەزائیــر بــووە خاڵێکــی وەچەرخانــی نــوێ لــە پەیوەندیــی نێــوان ئەمەریــکا و حکومەتــی عێــراق بەتایبــەت دوای ئــەوەی عێــراق زیاتــر بــەرەو ئاراســتەی ڕۆژئــاوا بــڕۆن و نزیکایەتــی لەگــەڵ وڵاتانــی هاوپەیمانــی ئەمەریــکا ببەســتن. لــەم ســەروبەندەدا بەتێپەڕبوونــی چەندمانگێــک دوای نســکۆی شۆڕشــی ئەیلــول تەندروســتی مســتەفا بارزانــی تێــک دەچێــت، ئەگەرچــی پێشــنیاز کــرا پشــکنین لــە ئێــران ئەنجــام بــدات، بــەڵام ئــەم پێشــنیازە لــە لایــەن بارزانییــەوە ڕەت کرایــەوە، چونکــە بەپێویســتی دەزانــی لــە ئەمەریــکا پشــکنین وەربگرێــت، تــا لــەم ڕێگەیــەوە پرســی کــورد بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ بگەیێنێتــە ئەمەریــکا (Korn, 1994, p.1).

بهپێــی بەڵگەنامــەی ژمــارە (٢٩٣) لــە ٢٤ تەممــووزی ١٩٧٥ کــە (ڕۆب ڕۆی) ئەندامــی ئاسایشــی نەتەوەیــی بــۆ یاریــدەدەری ســەرۆک (هێــنری کیســنجەر)ی نــاردووە، تێیــدا هاتــووە شــا ژەنــەراڵ نصیــری ســەرۆکی (ســاواک) ڕاســپاردووە بــۆ ڕێککەوتــن لەگــەڵ (ســی.ئای.ئەی) بــە مەبەســتی چوونــی بارزانــی بــۆ ئەمریــکا و ئەنجامدانــی نەشــتەرگەری، لــەم بارەیــەوە (ســی.ئای.ئەی) پێشــنیاز دەکات کیســنجەر

ڕەزامەند بێت لەسەرداواکارییەکە، هەرچەندە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە ئەم سەردانە مەترسی و زیانی دەبێت، بەڵام ڕێگەگرتنی زیانی زیاترە، چونکە ڕەنگە ببێتە هۆکارێک بۆ ئاشکرابوونی پەیوەندیی پێشوومان لەگەڵ کورد، لەگەڵ ئەوەش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بتوانرێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ بارزانی جەخت لەسەر پاراستنی نهێنی پەیوەندییەکەمان بکەینەوە و ڕوونکردنەوە سەبارەت بە بڕیاری شا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ عێراق بدەین، لە دواجار کیسنجەر ڕەزامەندی دەردەبڕێ لەسەر هاتنی بارزانی بۆ ئەمەریکا، بەڵام بەشێوەیەکی مەرجدار کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە، پێویستە بەردەوام ئەفسەری ساواکی لەگەڵ بێت، جگە لەوەش بارزانی بەڵێن بدات پەیوەندی نەکات بە کوردانی ئەمەریکا، سەرەڕای ئەوەش هیچ ڕوون کردنەوە و زانیارییەک لەسەر بارودۆخی ئێستای کورد بۆ ڕاگەیاندنەکان نەدات(FRUS, July 24, 1975, vol. XXVII, doc 293).

دوای ئەوەی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٧٥ لە نەخۆشخانەی مایۆ لە شاری چێستەر نەخۆشییەکەی بارزانی دیاری دەکرێت کە شێرپەنجەی هەیە، دوای تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک (ولیەم کۆلبی) بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا یاداشتێك دەنێرێت بۆ کیسنجەر تێیدا ڕوون دەکاتەوە کە مستەفا بارزانی دەیەوێت چاوی بە بەرپرسانی باڵای ئەمریکی بکەوێت، لەگەڵ ئەوەی کە پێشنیازی چاوپێکەوتنی فەرمیمان لەگەڵ بەرپرسانی (سی.ئای.ئەی) بۆ کردووە، بەڵام ناوبراو تەنها دەیەوێت دیدارێک لەگەڵ یەکێك لە داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا ساز بکات، تەنانەت لە ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکەدا هاتووە کە بارزانی پێداگرە لەسەر ئەوەی کە دەبێت بەر لە مردنی خودی خۆی ڕاستەوخۆ پرسی کورد بگەیێنێتە بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا، کە پزیشکان پێشبینی دەکەن (٦بۆ٨) مانگی لە ژیان مابێت، بۆیە بەڕێوەبەری (سی.ئای.ئەی) پێشنیازی سکرتێری دووەم جۆزیف سیسکۆ (١٩١٩-٢٠٠٤) دەکات بۆ دیداری لەگەڵ بارزانی و ئەمەش لە لایەن کیسنجەر پەسەند دەکرێت(FRUS, September 26, 1975, Vol. XXVII, Doc299). بەم شێوەیە دیدارێک لە نێوان بارزانی و سیسکۆ سکرتێری دووەم لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٥ ئەنجام دەدرێت، دوای گفتوگۆکردن سیسکۆ بەڵێن بە بارزانی دەدات تەواوی داواکارییەکانی بگەیێنێت بە کۆشکی سپی، هاوکات ئەوەشی بۆ بارزانی ڕوون کردەوە کە ئەمەریکا لەسەر داوای شای ئێران یارمەتی کوردی دا هەر لەسەر داواکاری ئەویش وازی لە هاوکاریی کورد هێنا (NARA/RG59/CFPF/1975, November 1975). لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەم ڕوونکردنەوەیەی سیسکۆ بۆ بارزانی زیاتر پەردەپۆشکردن و پاساو هێنانەوەیەك بووە بۆ مامەڵە سست و سنووردارەکانی ئەمەریکا بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو قۆناغەدا.

لە درێژەی هەوڵەکانی بارزانی بۆ ڕازیکردنی ئەمەریکییەکان بە پاڵپشتیکردنی جووڵانەوەی کوردی لە عێراق، لە ڕێککەوتی ٧ بۆ ٩ی تەممووزی ١٩٧٦ چاوی بە بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەوێت، بە ئاشکرا ئەوە دەردەبڕێت کە نیازی وایە لە ئەمەریکا بمێنێتەوە، تاوەکو دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ڕازی بکات بەوەی کاریگەری بخەنە سەر عێراق و هاوکات لە ڕێگەی ئێران و سعودیە یارمەتیی کوردانی عێراق بدەن (FRUS, August 5, 1976, Vol. XXVII, doc315). ئەمە وا دەکات لە بەهاری ١٩٧٧ ڕۆبێرتا کۆهن بەڕێوەبەری گروپی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ لە ئەمەریکا مێزگردێک لە ئۆفیسی نیویۆرک لەگەڵ بارزانی ئەنجام دەدات و ڕەخنەی لە حکومەتی ئەمەریکا گرت سەبارەت بەو کۆت و بەندەی لەسەر بارزانی دانراوە(Korn, 1994, p.1).

لە دەرئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانە بارزانی سەرکەوتوو بوو لە ڕازیکردنی ئەمەریکا بەتایبەت دوای وەرگرتنی دەسەڵات لە لایەن دیموکراتەکانەوە بۆ ئەوەی کۆنگرێسی ئەمەریکی ڕەزامەند بێت لەسەر وەرگرتنی (١٠٠٠) پەنابەری کورد وەک کۆچبەر بۆ ئەمەریکا، بەڵام نەیتوانی پرسی کورد بخاتە ناو ستراتیژیەتی وەزارەتی دەرەوە لەبەرئەوەی تاوەکو توانی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ (مۆریس دراپەر) ی بەڕێوەبەری کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات، کەسێکی دیکە بەناوی (ئان کێسی) شوێنی گرتەوە ئەویش لای خۆیەوە داواکارییەکانی بارزانی بەهەند

وەرنەدەگــرت هەرئەمـــەش وای لـــە بارزانـــی کـــرد تووڕەیـــی خـــۆی دەربـبڕێـت و بێمتمانەیـی خـۆی بەرامبـەر ئەمەریـكا بـە شـێوەیەكی ڕاشـكاوانە ئاشـكرا بـكات(Korn, 1994, p.1).

هەروەکــو (نەجمەدیــن کەریــم) لەچاوپێکەوتنێــک ئــەوە دەردەخــات کــە بزاڤــی کــورد لەنێــوان ســاڵانی ١٩٧٥-١٩٨٠ هیـــچ پێگەیەکـــی سیاســـی و ســـەربازی نەبـــوو، تەنانـــەت ڕووبــەری ناوچــە ڕزگارکراوەکانیــش کــەم بــوو تــا مامەڵــەی لەگەڵــدا بکــەن، چونکــە بــە لای ئەمەریــکا بەرژەوەندییــە ستراتیژییەکانیان لەگـەڵ دەوڵەتانـی ناوچەکـە بەدیاریکراویـش عێــراق و ئێــران زۆر لەمــە گرینگــتر بــوو، هەربۆیــە ئامــادە نەبـــوون هیـــچ جـــۆرە پەیوەندییـــەک لەگـــەڵ بزووتنـــەوەی تــازەی کــورد لــە دوای ١٩٧٦ ببەســتن و ئــەوەی هەشــی بــووە زیاتــر بــە شــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ و نهێنــی بــووە لەســەر ئاســتی فەرمانبەرانـــی وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمەریـــکا یـــان ئەندامانـی کۆنگرێسـی ئەمەریـکا (تەیـب، ٢٠١٢، ل٢٢٤-٢٢٥). لێــرەدا ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە کــە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریـــکا زیاتـــر بەرژەوەندییەکانیـــان بزوێنـــەری ســـەرەکیی سیاســـەتیان بـــووە لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتییـــەوە، نـــەوەک پرەنســیب و بەهــا مرۆیــی و ئەخلاقییــەکان، ئەمــەش بــووە هۆکارێکـی گرینـگ کـە پەیوەندیـی بزووتنـەوەی چەکدارانـەی کــورد لەگــەڵ ئەمەریــکا لــەم قۆناغــەدا بایەخێکــی ئەوتــۆی پــێ نەدرێــت، ئەمــە جگــە لــەوەی ڕوون و ئاشــکرایە زۆربــەی پــارت و ڕێکخــراوە سیاســییەکانی کوردســتان لــەو کاتــەدا هەڵگــری بیرێکــی چەپڕەوانــە بــوون.

لەلایەکی دیکـەوە، (پ.د.ک) لـەو سـەردەمەدا هەسـتی بـە هەڵــەی پشــت بەســتنی تــەواو بــەدەرەوە کردبــوو، هەربۆیــە زیاتـر جەختـی لەسـەر پشتبەسـتن بەهێـز و توانـای جەمـاوەری دەکــردەوە تــا جارێکــی دیکــە دووچــاری شکســت نەبێتــەوە، بێگومــان ئەمــەش زیاتــر دوای ئەوەبــوو کــە مســتەفا بارزانــی لــە ســاڵی ١٩٧٧ نامەیەکــی بــۆ ســەرۆکی ئەمەریــکای ئــەوکات جیمـی کارتـەر(1977- 1981) ناردبـوو، تیایـدا داوای هاوکاریـی بزوتنـــەوەی ڕزگاریخـــوازی کـــوردی دەکات، بـــەڵام ئەمەریـــکا وەڵامـی نەدایـەوە (پ. د. ک، ١٩٩٨، ل٣٠). لێـرەدا توێژەرێـک ئـــەوە پشـــت ڕاســـت دەکاتـــەوە کـــە گۆڕانـــی ئیـــدارەی ئەمەریکـی و گرتنەدەسـتی پۆسـتی سـەرۆکایەتی لـە لایـەن سـەرۆک جیمـی کارتـەر هیـچ گۆڕانێـک بـە سـەر سیاسـەتی ئەمەریــکا بەرامبــەر بــە کــورد نەهــات، چونکــە سیاســەتی دەرەوەی ئەمەریـکا لـەم قۆناغـەدا خـۆی بـە دوور دەگـرت لـە هــەر چەشــنە ســەرکۆنەکردنێکی دەســەڵاتدارانی بەعــس لــە عێــراق، بەڵکــو بەپێچەوانــەوە ویلایەتەیەکگرتــووەکان لەژێــر کاریگەریـــی دۆخـــی ئابـــووری پلانـــی تایبەتـــی هەبـــوو بـــۆ نزیکبوونــەوە لــە حکومەتــی عێــراق لــەم ســۆنگەیەوە هــەر جـۆرە پاڵپشـتییەک لەسـەر دۆزی کـورد لـە عێراقـدا، دەبـووە هــۆی شکســتی ئــەم پلانەی(ســاڵح، ٢٠١٣، ل١٦١).

لـە دوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئیسـلامی ١٩٧٩ لـە ئێـران، ئەمەریـکا گرینگیـی عێراقـی بـۆ دەرکەوتـوو کەوتـە پەرەپێدانـی پەیوەندییەکانــی لەگەڵیــدا، چونکــە لــە دیــدی ئەمەریــکا ئــەم شۆڕشـــە هەڕەشـــەیەک بـــوو بـــۆ ســـەر تـــەواوی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت و بەرژەوەندییەکانـــی ئەمەریـــکا، چونکـــە ئێـــران هەڕەشـــەی ناردنـــە دەرەوەی شۆڕشـــی بـــۆ وڵاتانـــی کەنـــداو دەکـــرد، لـــەم نێوەنـــدەدا ســـەرۆکایەتیی ئەمەریـــکا بڕیـــاری دا بـــە نزیکبوونـــەوەی لـــە ســـەدام حســـێن و عێـــراق بـــکات بــە هاوپەیمانییەکــی نــوێ کــە جێــگای ئێــران بگرێتــەوە بــۆ بەردەوامبوونــی کاریگەریــی ئەمەریــکا لــە ناوچەکــە(Brune, 1993, p.45). بەتایبــەت لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٨٠ دۆخــی پەیوەندییەکانــی ئەمەریــکا و عێــراق پێــی نایــە قۆناغێکــی نوێــوە بەدیاریکراویــش لــە مانگــی نیســانی ١٩٨٠ کاتێــک ڕاوێــژکاری جیمــی کارتــەر بــۆ کاروبــاری ئاسایشــی نەتەوەیــی بەنــاوی (زبینگــۆ بریجنســکی) ڕایگەیانــد پەیوەندییەکانــی ئەمەریــکا و عێــراق لــە قۆناغــی چەقبەســتوو هاتۆتــە دەرەوە و چۆتــە دۆخــی هێوربوونــەوە، تەنانــەت ناوبــراو ئامــاژەی بــەوە کــردووە لــە ئەگــەری ســەرهەڵدانی جەنــگ لــە نێــوان عێــراق و ئێــران، پێویســتە ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکا پشــتی عێــراق بگرێت(ســاڵح، ٢٠١٣، ل١٨٤-١٨٧). لــەم بارودۆخــەدا خوولێکــی نوێــی هەڵبژاردنــی ســەرۆکایەتیی ئەمەریــکا دەســتی پـێ کـردەوە ڕۆناڵـد ریـگان (١٩١١-٢٠٠٤) پۆسـتی سـەرۆکایەتیی ئەمەریــکای لــە مــاوەی ســاڵانی (١٩٨١-١٩٨٩) گرتــە دەســت، لــە یەکــەم هەنــگاوی ئیــدارەی ڕیــگان، لــە شــوباتی ١٩٨٢ عێراقـی لـە لیسـتی وڵاتانـی پاڵپشـتیکەری تیـرۆر دەرهێنـا و لـە ڕووی ئابــووری و ســەربازییەوەش پشــتگیریی حکومەتــی عێراقــی

کـرد لـەو جەنگـەی کـە دژ بـە ئێرانـی هەڵگیرسـاند، تەنانـەت ڕایگەیانـد کـە ئەمەریـکا هەرچـی پێویسـت و یاسـایی بێـت بـۆ ڕێگریکـردن لـە شکسـتی عێـراق بەرامبـەر ئێـران دەگرێتەبـەر، چونکـە سـەرکەوتنی ئێـران بـە سـەر عێـراق دەبـووە مایـەی دروسـتبوونی مەترسـی لەسـەر نـەوت لەناوچەکـەدا و تێکدانـی هاوسـەنگی هێـز لەنێـوان عـەرەب و ئیسرائیـل(National Security Archive, No. 82, February 2003)

عێـراق وەک هاوپەیمانێـک دژی ئێـران ڕەزامەنـدی ئەمەریـکای بەدەسـت هێنـا، ئەمـەش کاریگـەری هەبـوو لەسـەر پشتگوێخسـتنی کوردەکانـی عێـراق لەلایـەن حکومەتـی ئەمەریـکاوە، لـە ئەنجامـی درێژەکێشـانی جەنـگ، لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٣دا ئێـران لـە بەرامبـەر بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی عێـراق لـە بەرەکانـی شـەڕدا سـکاڵای بـۆ نەتەوەیەکگرتـووەکان بـەرز کـردەوە، چونکـە پێچەوانـەی ڕێککەوتنامـەی جنێفـی ١٩٢٥ بـوو کـە ئامـاژەی بـەوە کـردووە دەبێـت کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی هەڵوێسـت بەرامبـەر چەکـی کیمیایـی بنوێنێـت ئەمەریـکاش واژۆی ئـەم ڕێککەوتنـەی کردبـوو، بـەڵام بەهـۆی دابـڕاوی ئێـران لـە ڕووی دیپلۆماسـییەوە تەنیـا وەڵامێکـی بێدەنـگ بـۆ سـکاڵاکانی وەرگرتـەوە(National Security Archive, No. 82, February 2003, Doc25). تەنانـەت بەڵگەنامـەکان و ڕاپۆرتـە هەواڵگرییـە ئەمەریکییـەکان ئاماژەیـان بـەوە کـردووە کـە عێـراق چەکـی کیمیایـی لـە دژی هێزەکانـی ئێـران بەکارهێنـاوە، هەروەهـا بەپێـی یاداشـتێک لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٨٣، دژی کـورد بـە هەمـان شـێوە بـەکاری هێنـاوە، ئەگەرچـی لـە ٣٠ی ئـازاری ١٩٨٤، ئەنجومەنـی ئاسـایش سـەرکۆنەی بەکارهێنانـی گازی خەردەلـی کـرد، بەبـێ ئـەوەی نـاوی عێـراق وەك لایەنـی تاوانبـار بهێنێـت کـە ڕەشنووسـەکە لـە لایـەن وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا ئامـادە کرابـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا دۆناڵـد رامسـفێلد (١٩٣٢-٢٠٢١) وەک نێـردراوی تایبەتـی سـەرۆکی ئەمەریـکا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە کۆتایـی ١٩٨٣ و سـەرەتای ١٩٨٤ دووجـار سـەردانی سـەدام دەکات، هیـچ ئاماژەیـەک بـە بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـەوە نـاکات و تەنهـا جەخـت لەسـەر دوژمنایەتـی هاوبەشـی ئێـران و نزیککردنـەوەی پەیوەندییـەکان لـە نێـوان ڕیـگان و سـەدام دەکاتـەوە(National Security Archive, No. 82, February 2003, Doc25). بەشـێک لـە وەڵامـی سـکاڵاکانی ئێـران بـۆ کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ئەمەریـکا خـۆی لایەنێکـی سـەرەکی ڕێککەوتنامـەی جنێـف بـوو، هـەر بۆیـە وەڵامێکـی شـەرمنانەی سـکاڵاکانی دایـەوە، دەنـا مەبەسـتی بـوو لـەب ەرامبـەر بەکارهێنانـی چەکـی کیمیایـی لـە لایـەن عێراقـەوە بێدەنگییەکـی تـەواو بنوێنێـت، تەنانـەت بەرامبـەر بـە کـوردە مەدەنییەکانیـش، دیـارە ئەمـەش زیاتـر دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە عێـراق لـە تێڕوانینـی ئەمەریـکا وەکـو مەڵبەندێکـی سـتراتیژی گرینـگ سـەیر دەکـرا(Shareef, 2010, p.184).

ئەگەرچـی لـە سـاڵی ١٩٨٥ ئیـدارەی ڕیـگان بەشـێوەیەکی چـاوەڕوان نەکـراو پەیوەنـدی و سیاسـەتی گـۆڕی بەرامبـەر ئێـران، بـەڵام هـەر زوو ئـەو سـتراتیژییە ئـاوەژوو بوویـەوە بـە شـێوەیەک لـە ٢٦ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٦ ئـەو نیـازەی ئەمەریـکا بەرامبـەر ئێـران پاشەکشـەی کـرد بەتایبـەت دوای ئـەوەی گۆڤـاری (الـشراع اللبنانیـة) وتارێکـی بـڵاو کـردەوە کـە تێیـدا ئـەوەی دووپاتـی کـردەوە ئەمەریـکا لـە بەرامبـەر ئازادکردنـی بارمەتەگیراوەکانـی لـە لوبنـان، چەکـی دەدایـە ئێـران ئەمـەش ڕاگەیاندنەکانـی ئەمەریـکا دەنگدانەوەیەکـی زۆری دروسـتک رد، چونکـە ئێـران خەریـک بـوو لـەو جەنگـەی کـە بەرامبـەر عێـراق تێـوەگلا بـوو سـەر بکەوێـت ئەویـش بەشـێکی بـۆ یارمەتـی ئەمەریـکا دەگەڕایـەوە بەدیاریکراویـش لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٧ سـوپای ئێـران نیمچەدوورگـەی فـاوی داگیـر کـرد کـە عێـراق بـەر لـە جەنـگ زۆربـەی نەوتەکـەی لەوێـوە دەنـاردە دەرەوە، ئەمـە جگـە لـەوەی بزاڤـی کـورد لـەو کاتـەدا لـە لایـەن ئێرانـەوە پشـتگیری دەکـران و مەترسـی ئـەوەی لـێ چـاوەڕوان دەکـرا کـە ڕەنگـە ئێـران بتوانێـت بـە یارمەتـی هێـزی کـورد تۆپخانەکانـی بـە ئاراسـتەی کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـووک بجوڵێنێـت و بیانخاتـە چوارچێـوەی ئامانجەکانییەوە(گالبریـث، ٢٠٠٧، ل٣٧-٣٩). لەکاردانـەوەی ئەمـەدا لـە ئـازاری ١٩٨٧ هێرشـە کیمیاییـەکان بۆسـەر گەلـی کـورد دەسـتی پـێ کـرد ئەمـە لەکاتێکـدا ئیـدارەی ڕیـگان هیـچ بەیاننامەیەکـی گشـتی دەرنەکـرد بەمەبەسـتی ئیدانەکردنـی ئـەم ڕەفتـارەی حکومەتـی عێـراق، لەبەرئـەوەی تـا ئـەم کاتـە

ئەمەریـکا هیـچ نیازێکـی نەبـوو مامەڵـە لەگـەڵ کـورد بـکات، چونکـە بـە پرسـێکی ناوخۆیـی پێناسـەی دەکـرد، هەربۆیـە کـورد سـەرەڕای ئـەو قۆناغـە دژوارە پـڕ مەینەتیـەی کـە پێیـدا گـوزەری دەکـرد نەیتوانـی هیـچ دانپێدانانێکـی بەرچـاو لـە ئاسـتی سیاسـیدا بەدەسـت بهێنێـت(Shareef, 2010, p.184).

جێـگای ئاماژەپێکردنـە لـە قۆناغەکانـی کۆتاییـی شـەڕی عێـراق و ئێـران گرنگیدانـی ئەمەریـکا بـە کـورد سـەری دەرکـرد لـە ئەنجامـی زیادبوونـی مەترسـییەکانی بەکارهێنانـی چەکـی بایۆلـۆژی لـە لایـەن عێراقـەوە، بەدیاریکراویـش لـە ئەیلولـی ١٩٨٧ هەریـەک لـە (هایـوود رینکـن) ڕاوێـژکاری سیاسـی لـە باڵیۆزخانـەی ئەمەریـکا لـە بەغـدا، هەروەهـا (پیتـەر گالبریـت) کارمەنـدی کۆنگرێـس و سـەرۆکی لیژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی کۆنگرێـس، بەیەکـەوە سـەردانی کوردسـتانی عێراقیـان کـرد بـە چـاوی خۆیانـەوە پێشـێلکارییەکانی حکومەتـی عێـراق بەتایبـەت هەڵمەتـی ئەنفالیـان لـە دژی کـورد بینـی و ڕاپۆرتێکـی (٢٧) لاپەڕەییـان لەبـارەی وێرانکردنـی گونـدە کوردییـەکان بـۆ کۆنگرێسـی ئەمەریـکا بـەرز کـردەوە، کـە ئەمـەش تورەیـی جەمـاوەری نێودەوڵەتـی بـە دوای خۆیـدا هێنا(گالبریـث، ٢٠٠٧، ل٤٢). کەچـی حکومەتـی عێراقـی بێباکـی زیاتـری نوانـد کاتێـک لـە ١٦ی ئـاداری ١٩٨٨ چەنـد فڕۆیەکـی جەنگـی عێـراق بـە سـەر شـاری هەڵەبجـەدا چەنـد بۆمبێکـی گازی ژەهراویـان فـڕێ دایـە خـوارەوە، بـەم هۆیـەوە زیاتـر لـە (٥٠٠٠)کـەس گیانیـان لـە دەسـت دا (Mcdowall, 2007, p.357-358). لەبەرامبـەر ئەمـەدا میدیـای ئێرانـی ئـەم دەرفەتـەی قۆسـتەوە بـۆ ڕای گشـتیی جیهـان و بانگهێشـتکردنی ڕۆژنامەنووسـانی ڕۆژئـاوا بـە مـەش دیمەنـی ئـەم کارەسـاتە بـە هەمـوو لایەکـی جیهانـدا پەخـش کـرا، سـەرەنجام سـیناتۆر (جـۆرج میشـێل) وەک هەڵوێسـتێکی تاکـە کەسـی ئیدانـەی ئـەو هێرشـانەی عێراقـی کـرد، کەچـی ئیـدارەی ڕیـگان ئامـاژەی وای دەدا کـە بەرپرسـیارێتییەکە دەکەوێتـە ئەسـتۆی هـەردوو لایەنـی عێراقـی و ئێرانـی، هەروەهـا بەوپـەڕی توانـای هەوڵـی شـێواندنی ڕاسـتی کارەسـاتەکەی هەڵەبجـەی دەدا لـە ڕاگەیاندنەکانـی ئەمەریـکا، تەنانـەت گالبریـس ئامـاژە بـەوە دەکات کـە ئیـدارەی ڕیـگان لـە ڕووی هەواڵگرییـەوە ڕۆڵێکـی دیـاری گێـڕاوە لـەوەی کـە عێـراق بتوانێـت چەکـی کیمیایـی بـە وردیەکـی زۆرەوە ئاراسـتەی هەڵەبجـە بـکات، هـاوکات لەسـەر ئاسـتی نیودەوڵەتییـش گوشـارەکان بـۆ سـەر حکومەتـی عێراقـی کـەم بکاتەوە(گالبریـث، ٢٠٠٧، ل٤٣-٤٤).

لـەم سـەروبەندەدا لـە نیسـانی ١٩٨٨ جـەلال تالەبانـی وەک سـکرتێری گشـتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان سـەردانی (واشـنتۆن)ی کـرد بـەو هیوایـەی چـەک و یارمەتـی دیکـەی سـەربازی بـۆ جووڵانـەوەی کـورد لـە باشـوری کوردسـتان دەسـتەبەر بـکات، بـۆ ئەمـەش لـە کۆڕبەنـدی ولسـن وتارێکـی پێشـکەش کـرد بـە شـێوەیەکی نافەرمـی لەگـەڵ هەندێـک لـە بەرپرسـانی کۆشـکی سـپی و سـەرۆکی لێژنـەی پەیوەندییەکانـی دەرەوەی ئەنجومەنـی پیـران کـۆ بـۆوە، جگـە لـەوەش توانـی چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ (لاری پـۆپ) بەرپرسـی دۆسـیەی کەنـداو لـە وەزارەتـی دەرەوە ڕێـک بخـات، بـەڵام لـەو سـەروبەندەدا کەنعـان ئەڤریـن (١٩١٧-٢٠١٥) سـەرۆکی تورکیـا ناڕەزایـی بەرامبـەر ئـەم سـەردانەی تاڵەبانـی نیشـان دا کـە ئـەو کات بـۆ بینینـی (جـۆرج شـۆلز)ی وەزیـری دەرەوە لـە ئەمەریـکا بـوو، پێـی ڕادەگەینێـت «کـەب ۆچـی وەزارەتـی دەرەوە چـاوی بـە کـوردە تیرۆریسـتەکان دەکەوێـت؟»، لـە وەڵامـدا شـۆلز بێئاگایـی خـۆی لـە دیدارەکـەی نێـوان تاڵەبانـی و لاری پـۆپ نیشـان دا و نیگەرانیـی خـۆی دەربڕی(دیـداری تەمـەن، ٢٠١٩، ل١٩٣-١٩٤؛ پـاوەر، ٢٠٠٦، ل٣٥).

دوا بـە دوای ئەمـە، حکومەتـی عێراقیـش کاردانـەوەی خـۆی لـە ڕێگـەی (تـارق عزیـز)ی وەزیـری دەرەوە نیشـان دا و ئەمەریـکای بـەوە تاوانبـار کـرد کـە دەسـت دەخاتـە کاروبـاری ناوەخـۆی عێـراق، بۆیـە ئەمەریـکا بـۆ هێورکردنـەوەی عێـراق بەیانێکـی خێـرای دەرکـرد کـە جەختـی لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە ئەمەریـکا بـە هیـچ شـێوەیەک دەسـت تێـوەردان لـە کاروبـاری ناوەخـۆی ئـەو دەوڵەتانـە نـاکات کـە کەمینـەی کوردیـان تێدایـە، هەروەهـا لاری پۆپیـش بـە هـۆکاری دیدارەکـە بەتونـدی سەرزەنشـت کـرا، ئەمـە جگـە لـەوەی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمەریـکا بڕیـاری قەدەغەکردنـی دیـدار و چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ هێـزە بەرهەڵسـتکارەکانی عێـراق بەدیاریکراویـش کـورد دەرکـرد(Shareef, 2010, p.185). بـەم شـێوەیە هەوڵـی کـورد بـۆ دامەزراندنـی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەمەریـکا نەیتوانـی وەڵامێکـی ئەرێنـی بەرهـەم

بهێنێــت. بــۆ نموونــە کاتێــک مەحمــوود عوســمان وەک نوێنــەری کــورد دەستنیشــان کــرا، لــە کانوونــی یەکەمــی ١٩٨٨ ســەردانی ئەمەریــکای کــرد تاوەکــو بــۆ بەرپرســانی ئەمەریــکا لەبــارەی ئــەو زوڵــم و زۆرداریــیــەی کــە ڕووبــەڕووی کوردانــی عێــراق دەبێتــەوە ڕوون بکاتــەوە، هــەروەک ناوبــراو دەڵێــت: «حکومەتــی ئەمەریــکا لــەو کاتــەدا ڕەتــی کــردەوە هیــچ وەفدێکــی کــوردی وەربگرێــت و چــاوی لــە کارەســاتی کــورد لــە عێراقــدا داخســت تەنانــەت حکومەتــی ئەمەریــکا بانگەشــەی ئــەوەی دەکــرد کــە هێرشــەکانی کیمیابارانــی هەڵەبجــە لەلایــەن ئێرانــەوە ئەنجــام دراون نــەک عێراق»(دیــدار لەگــەڵ دکتــۆر مەحمــوود عوســمان، تەممــوزی ٢٠١٥).

تەنانــەت چەنــد هەوڵێکــی نوێنــەران و ئەندامانــی کۆنگرێــس بــێ ئەنجــام بــوو بــۆ گەمــارۆ خســتنە ســەر عێــراق لــە کاردانــەوەی بەکارهێنانــی چەکــی کیمیایــی دژی کــورد، ئەمــەش لەژێــر فشــاری جووتیارانــی چاندنــی برنــج کــە عێــراق گەورەتریــن هــاوردەکاری برنجــی ئەمەریکــی بــوو لــەو کاتــە، ســەرەڕای ئــەوەش دوای ئاگربەســتی عێراق-ئێــران وەبەرهێنەرانــی ئەمەریکــی چاویــان بــڕی بــووە بەشــداری لــە پرۆســەی بنیادنانــەوەی عێــراق کــە چــاوڕوان دەکــرا ملیارەهــا دۆلاری تێــدا خــەرج بکرێــت، بۆیــە تــەواوی هەوڵەکانــی پشــتگیریی کــورد و کاردانــەوە بەرامبــەر عێــراق لــە کۆتاییەکانــی ١٩٨٨ لەبــار بردران(گالبریــث، ٢٠٠٧، ل٥٠).

لــەم ســەروبەندەدا هەڵبژاردنەکانــی ســەرۆکایەتیی ئەمەریــکا ئەنجــام درا و جــۆرج بــووش (١٩٢٤-٢٠١٨) توانــی زۆرینــەی دەنگــەکان مســۆگەر بــکات و لــە ڕۆژی ٢٠ی کانونــی دووەمــی ١٩٨٩ وەک ســەرۆکی نوێــی ئەمەریــکا دەســت بــەکار بــوو(The White House, 2018). کــە چەندیــن پرســی گرینــگ لەســەر ئاســتی ناوخۆیــی و دەرەوەی ئەمەریــکا هەبــوو دەبوایــە چارەســەریان بــکات، لەنێویشــیاندا دۆســیەی عێــراق و پەیوەندییەکانــی بــوو لەگــەڵ ئــەم وڵاتــەدا، کــە لــەم بارەیــەوە سیاســەتمەدارانی ئەمەریــکا لەســەر دوو بۆچــوون دابــەش کردبــوو بــە شــێوەیەک بەشــێکیان پێیــان وابــوو عێــراق هاوپەیمانێکــی کاریگــەر و یارمەتیــدەرە لــە بەرگرتــن بــە ئێــران و بەرەوپێشــبردنی ئاشــتی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت، هەرچــی بازرگانــە گەورەکانــی ئەمەریــکا بــوو، ســوڕبوون لەســەر ئــەوەی عێــراق ســەرچاوەی دەرفــەت و قازانجــە نــەوەک دوژمنایەتــی، بۆیــە دەبینیــن بــە لەبــەر چاوگرتنــی بەرژەوەندییــە ئابووریــیــەکان ئیــدارەی جــۆرج بــووش لــە پاڵپشــتییەکانیان بــۆ عێــراق بــەردەوام بوون(ساڵح، ٢٠١٣، ل٣١٥-٣١٦). ئــەوەش ســەلمێنەری ئــەو ڕاســتییەیە کــە کاریگەریــی ســەرمایەدارە گەورەکانــی ئەمەریــکا لــە مێــژووی هاوچەرخــی ئــەو وڵاتــەدا زۆر بــە ڕوونــی دەردەخــات.

ئەمــەش هاوتەریــب بــوو لەگــەڵ ئــەوەی لــە ئابــی ١٩٨٨ کــە (٦٠،٠٠٠) تاکــی کــورد لەترســی پرۆســەی ڕەشــەکوژی عێــراق ڕوو بکەنــە خاکــی تورکیــا، لێــرەدا تورکیــا کەوتــە ژێــر فشــارێکی ناوخۆیــی و دەرەکــی هەربۆیــە ڕێگــەی بەهاتنــە نــاوەوەی ئــاوارەکان دا، بــەڵام بــۆ نیگــەران نەبوونــی عێــراق لــە هەڵوێســتی تورکیــا لەمــەڕ ئــاوارەکان بــۆ هاوســەنگکردنی هەڵوێســتی خــۆی بەرامبــەر عێــراق، تورکیــا نکۆڵــی لــەوە کــرد کــە چەکــی کیمیایــی دژی کوردەکانــی پەراگەنــدەی تورکیــا بــەکار هاتبێت(حەمەکریــم، ٢٠٠٧، ل٨٢-٨٣). بــەڵام حکومەتــی عێــراق ڕەخنــەی توندی لــە هەڵوێســتی کردنــەوەی سنوورەکانی تورکیــا بــەڕووی ئــاوارەکان گــرت و داوای کــرد کــە ســوپای عێــراق مافــی خۆیەتــی خاکــی تورکیــا بــەکار بهێنێــت بــۆ ڕاوەدونانــی کــورد و ئــاوارەکان دەســتگیر بــکات و ڕاپێچــی عێراقیــان بکاتــەوە(Human Rights Watch, 1991, p.1). لــە دەرهاوێشــتەی ئــەم بابەتــە گروپێکــی دیــاری نێــو کۆنگرێــس و ژمارەیــەک لــە میدیاکانــی ئەمەریــکا دژایەتیــی هەرچەشــنە هەماهەنگییەکیــان لەگــەڵ عێــراق دەکــرد و لــە ڕاگەیاندنەکانــەوە هێرشــی توندیــان دەکــردە ســەر سیســتەمی حکومەتــی عێراقــی، هــەر ئەمــەش وایکــرد لەڕێککەوتــی ٦ی تشرینــی یەکەمــی ١٩٨٩ تــارق عەزیــز وەزیــری دەرەوەی عێــراق بــە ســەردانێک گەیشــتە ئەمەریــکا لەگــەڵ هەریــەک لــە جــۆرج بــووش و جیمــس بیکــەر وەزیــری دەرەوە کــۆ بــۆوە، لەمیانــەی کۆبوونەوەکــەدا ســکاڵای ئــەوەی کــرد کــە هێرشــێکی ڕاگەیانــدن دژبــە عێــراق لــە لایــەن ئەمەریــکاوە لــە ئارادایــە، لــە ئەنجامــی کۆبوونەوەکــەدا هــەردوو لایــەن هــاوڕا بــوون لەســەر ئــەوەی کــە تێگەیشــتنی زیاتــر لەنێــوان بەغــدا و واشــنتۆن بــۆ هاوکاریکردنــی یەکــتری بێتــە ئــاراوە(Khaddur&Ghareeb, 1997, p.98).

یەکێــک لــە پێشــهاتە سیاســیەکانی دیکــەی ئــەو قۆناغــە

جەنگی دووەمی کەنداو بوو، هۆکاری سەرەکی ئەم جەنگەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە عێراق پێی وابوو دەوڵەتی کوەیت نەوت لە ڕێژەی دیاریکراوی خۆی زیاتر بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش زیان لە ئابووریی عێراق دەدات، هەربۆیە لە بارودۆخێکی چاوەڕوان نەکراودا لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ کوەیت لە لایەن عێراقەوە داگیر کرا(السامرائي، ٢٠١٢، ص٢٨٤). ئەوەی پەیوەستە بە هەڵوێستی کورد لەم جەنگەدا خۆی لە هەڵوێستی بەرەی کوردستانی بەرجەستە کرد، ڕوونتر بڵێین (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتیی تاڵەبانی پێی وابوو عێراق لەم جەنگەدا بەرەو ڕووخان دەچێت و بزووتنەوەی کورد لەم کایە سیاسی و سەربازییەدا پێویستە بەشدار بێت بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی واشنتۆنی کرد(دیداری تەمەن، ٢٠١٧). هەرچی (پ.د.ک) لەگەڵ پارتی سۆشیالیستی کوردستان، لەم باوەڕەدا بوون کە نابێت کورد بەشداری بکات، چونکە لە نێوەندی شەڕکەراندا دەبێتە سوتەمەنی جەنگ، هەروەها لەو باوەڕەدا بوون بەشداریکردن لە شەڕی دژی عێراق دەبێتە خیانەتێکی کورد و لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا تۆمار دەکرێت، ئەمە و بۆچوونێکی دیکەش هەبوو کە نابێت بزووتنەوەی کورد بەشداریی جەنگ بکات، تاوەکو بزوتنەوەکەی بە فەرمی لە لایەن ئەمەریکا و هاوپەیمانانی نەناسرێت(کۆچێرا، ٢٠٠٢، ل١٠٣).

لێرەدا توێژەرێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا ئەمەریکا بایەخی بە بزووتنەوەی کورد نەدا، چونکە ئامانجی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکان دەرکردنی سوپای عێراق بوو لە کوەیت نەوەک ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن، ئەمە جگە لەوەی ئەمەریکا لە ڕووی زانیاری بە کۆمەڵگەی عێراقی و پارتە بەرهەڵستکارەکان ئاگادارییەکی ئەوتۆی نەبوو، ئەمەش وای کرد خۆی لە بەرهەڵستکارانی عێراق بە هەموو باڵەکانییەوە بە دوور بگرێت. هەر ئەمەش وای کرد بەرەی کوردستانی بە ئاشکرا لە بەیاننامەیەکدا لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ١٩٩٠ بێلایەنی خۆی دەرببڕێت(حەمەکریم، ٢٠٠٧، ل٨٨-٨٩).

بەدرێژایی ئەم ماوەیە لە ١٩٧٢-١٩٩٠ پرسی کورد لە قۆناغێکی چەقبەستوودا نەمایەوە، بەڵکو هەلبەزودابەزی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەخۆوە بینی، ئەمەش پەیوەست بوو بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق، بە شێوەیەک هەر کاتێک پەیوەندییەکانی نێوانیان گرژی تێکەوتبایە، ئاسۆیەک لەبەر دەم کرانەوەی پرسی کورد لە سیاسەتی ئەمەریکا سەریهەڵدەدا، بە پێچەوانەشەوە لەکاتی نزیکبوونەوەی ئەم دوو دەوڵەتە بەرچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان، پرسی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پەراوێز دەخرا.

**ئەنجام**

١. پرسی کورد وەک پرسێکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سنووری توێژینەوەکەدا لە ئەجێندای ئەمەریکادا نەبووە، چونکە ئەمەریکا زیاتر لەگەڵ حکومەتەکان بووە، هەندێ جار هاوکارییەکان زیاتر مرۆیی بوونە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە خێرخوازەکان هاوکارییەکانیان بە کورد گەیاندووە، بەڵام وەک سیاسەت، حکومەتی ئەمەریکا لەو قۆناغەدا پرسی کوردی هەرگیز وەک پرسێکی نێودەوڵەتی سەیر نەکردووە.

٢. دەستپێکی پەیوەندیی فەرمی لە نێوان ئەمەریکا و کورد لە ١٩٧٢ دروست بوو، ئەویش دوای پێداگریی زۆری مستەفا بارزانی لەسەر شای ئێران و پێداگریی (شا)ش لەسەر ئەمەریکا، بەتایبەت دوای ڕێککەوتنی هاوکاری و دۆستایەتی لە نێوان عێراق و سۆڤیەت لە نیسانی ١٩٧٢، ئەمەش ترسی لای ئێران و ئەمەریکا دروست کرد کە کار بکاتە سەر کوردەکانیش، بۆیە ئەمەریکا پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی کورد دروست کرد، بەڵام پەیوەندییەکی نهێنی بوو لە ڕێگای شای ئێرانەوە، واتە کلیلی پەیوەندییەکە ئێران بوو، بۆیە دواتر کە ئێران ڕێککەوتنی لەگەڵ عێراق کرد لە ١٩٧٥ لە جەزائیر و کاری بە کوردەکان نەما، ئیتر ئەمەریکاش پەیوەندییەکان و هاوکارییەکانی کوردی ڕاگرت و پشتی تێ کردن.

٣. بەدرێژایی ئەم ماوەیە لە ١٩٧٢-١٩٩٠ پرسی کورد لە قۆناغێکی چەقبەستوودا نەمایەوە، بەڵکو هەڵبەز و دابەزی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەخۆوە بینی، ئەمەش پەیوەست بوو بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق، بە شێوەیەک هەر کاتێک پەیوەندییەکانی

نێوانیـان گـرژی تـێ بکەوتایـە، ئاسـۆیەک لەبـەردەم کرانـەوەی پرسـی کـورد لـە سیاسـەتی ئەمەریـکا سـەری هەڵـدەدا، بەپێچەوانەشـەوە لەکاتـی نزیکبوونـەوەی ئـەم دوو دەوڵەتـە بەرچاوکردنـی بەرژەوەندییەکانـی نێوانیـان، پرسـی کـورد لـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریـکا پەراوێـز دەخـرا.

**پەراوێزەکان :**

١. مەحمـوود علـی عوسـمان لـە ڕێککەتـی ١٩٣٨ لـە شـارۆچکەی پێنجوێـن سـەربە پارێـزگای سـلێمانی دایـک بـووە، لـە سـاڵی ١٩٦١ کۆلێـژی پزیشـکی لەزانکـۆی بەغـدا تەواوکـردووە، ناوبـراو دەسـتپێکی کاری سیاسـی بـۆ سـاڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتـەوە، سـاڵی ١٩٦٢ بۆتـە ئەندامـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٨ بۆتـە بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٠ سـەرۆکی لێژنـەی گفتوگـۆ و ئاگربەسـت بـووە لەنێوان کـورد و حکومەتـی عێـراق، لـە ٣٠ی حوزیرانـی ١٩٧٢ بـە یـاوەری ئیـدرس بارزانـی دەچێتـە واشـنتۆن بـە مەبەسـتی دروسـتکردنی پەیوەندیـی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ئەمەریـکا کـۆد ەبێتـەوە، سـاڵی ١٩٨٠ بزووتنـەوەی سۆشیالیسـتی کوردسـتانی لەگـەڵ هەریـەک لـە هاوەڵانـی ڕەسـول مامەنـد و عەدنـان موفتـی دامەزرانـد و وەکـو سـکرتێری حیـزب هەڵبژێـردرا، ئێسـتا لەشـاری سـلێمانی نیشـتەجێیە.

٢. هێـنری کیسـنجەر، لـە سـاڵی ١٩٢٣ لـە خێزانێکـی جـوو لـە ئەڵمانیـا لـە دایـک بـووە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ تاوەکـو ١٩٧٥ دەبێـت بـە ڕاوێـژکاری ئاسایشـی نیشـتمانیی ئەمەریـکا و یاریـدەدەری سـەرۆک بـۆ کاروبـاری دەرەوە لـە سـەردەمی ئیـدارەی ڕیچـارد نیکسـۆن و جیرالـد فـۆرد، لـە سـاڵی ١٩٧٣ خەلاتـی نۆبڵـی پـێ دەدرێـت(Britannica Encyclopaedia, May, ٢٠٢٢).

٣. نەجمەدیـن کریـم: لەڕێککەوتـی ١٢ی ئابـی ١٩٤٩ لـە شـاری کەرکـووک لـە دایـک بـووە، هـەر لـە قۆناغـی ئامادەیـی پەیوەندیـی بـە بزووتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردەوە کـردووە، لـە دوای تەواوکردنـی خوێندنـی پزیشـکی لـە زانکـۆی مووسـڵ سـاڵی ١٩٧٢ هـەروەک پزیشـک لـە ڕیزەکانـی پێشـمەرگە کاری کـردووە، دوای نسـکۆی شۆڕشـی کـورد لـە سـاڵی ١٩٧٥ ڕووی کردۆتـەوە ئەمەریـکا وەک پزیشـک لـە زانکـۆی جـۆرج واشـنتۆن دەسـتبەکار بـووە، ناوبـراو ڕۆڵێکـی سـەرەکی گێـڕاوە لـە پالپشـتیکردن لـە دۆزی کـورد لـە ئەمەریـکا ئەویـش لـە ڕێگـەی ڕێکخراوەکانـی مافـی کـورد، هەروەهـا وەکـو ئەندامـی دەسـتەی دامەزرێنـەر و سـەرۆکی کۆنگـرەی نەتەوەیـی کـوردی ئەمەریـکای باکـوور بـووە لـە سـاڵانی ١٩٩١ بـۆ ١٩٩٩، لـە ٧ی ئـازاری ٢٠١٠ بـە نوێنەرایەتـی پارێـزگای کەرکـووک بـۆ پەرلەمانـی عێـراق هەڵبژێـردرا، دواتـر لـە ٣ی نیسـانی ٢٠١١ وەک پارێـزگاری شـاری کەرکـووک دەسـت بـەکار دەبێـت، ناوبـراو لـە ٣٠ی تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٠ کۆچـی دوایـی کـردووە(Washington Kurdish Institute, ٢٠٢٠).

## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامەکان بە زمانی ئینگلیزی


1. The National Archives, **the State Departments Access to Archive Database** is available online: http://aad.archives.gov/aad/series-description.jsp?s=4073&cat=all&bc=ls
2. All Foreign Relations of the United States volumes are available online: http://history.state.gov/historicalDocuments
3. Central Intelligence Agency, **CIA Records Search Tool (CREST)** is available online: http://www.foia.cia.gov
4. Foreign Relations of the United States, **1960–1958, Near East Region; Iraq; Iran; Arabian Peninsula**, Volume XII, (Washington, 1992)
5. Foreign Relations of the United States, **1968–1964, Near East Region; Arabian Peninsula,** Volume XXI, (Washington, 2000)
6. Foreign Relations of the United States, **1976–1969, Documents on Iran and Iraq 1972–1969,** Volume E–4, (Washington, 2006)
7. Foreign Relations of the United States, **–1969 1976, Iran; Iraq, 1976–1973,** Volume XXVII, (Washington, 2012)
8. National Security Archive Electronic Briefing Book No. 82, **Shaking Hands with Saddam Hussein: The U.S. Tilts toward Iraq, 1984-1980,** February ,25 2003.


### کتێب:

#### بە زمانی کوردی :


- کۆچێـرا، کریـس، (٢٠٠٢)، **بزوتنـەوەی نەتەوەیـی کـورد و هیـوای سـەربەخۆیی،** بەرگـی یەکـەم، وەرگێڕانـی لـە فارسییەوە: ئەکرەمی میهـرداد، سـەنتەری چـاپ و پەخشـی تەمـا، سـلێمانی.
- پ. د. ک (کۆمیتـەی ئامـادەکاری)، (١٩٩٨)، **هەڵسـەنگاندنی ڕەوش و هەرەسـهێنانی شۆڕشـی کـورد (دەرس و پەنـدەکان)،** لـە

بڵاوکراوەی ئاڵای ئازادی، بێ شوێنی چاپ.

- گالبریت، پیتەر و. (٢٠٠٧)، **کۆتایی عێراق چۆن کارناڕێکی ئەمەریکا شەڕێکی بێ کۆتایی بەرپا کرد**، و: مامکاک، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- تەیب، جەمال فەتحولڵا، (٢٠١٢)، **بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەباشووری کوردستان(٢١-٣-١٩٧٥ تا ٢٨-١١-١٩٨٠)**، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
- عەلائەدین، دلاوەر عبدالعزیز، (٢٠٠٧)، **لۆبیکردن بۆ نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بیرەوەریی لۆبی و تیروانینی ستراتیژی**، بێ شوێنی چاپ.
- ڕشید، سەلاح، (٢٠١٩)، **مام جەلال دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری**، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدەبیان، سلێمانی.
- پاوەر، سەمانسا، (٢٠٠٦)، **ئەمەریکا و ئەنفال**، و: کەریم بەختیار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- معصوم، شیرین، (٢٠١٢)، **کورد و ئەمەریکا**، و: علی ڕزگار، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- ساڵح، گۆران ئیبراهیم، (٢٠١٣)، **دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و عێراقدا (٦/ ئازاری ١٩٧٥-٢/ ئابی ١٩٩٠)**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- میهۆ، لوکمان، (٢٠٠٩)، **کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا (کوردستانی عێراق)**، و: ڕەحمانی وریا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- حەمەکریم، هێرش عەبدوڵلا، (٢٠٠٧)، **پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨**، مەڵبەندی کوردەلۆجی، سلێمانی..

### دووەم / بە زمانی عەرەبی :

- **السامرائي، ابراهيم عبدالطالب، (٢٠١٢)، الوضع السياسي و الأمني في العراق بين ١٩٤٥-٢٠١٠، دار آمنة للنشر و التوزيع، عمان.**

### سێیەم / بەزمانی ئینگلیزی :

- Gibson, Brain, (2015), **Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War**, published by Palgrave Macmillan, New York.
- Britannica, The Editors of Encyclopaedia, (2022), **"Henry Kissinger"**. *Encyclopedia Britannica*, https://www.britannica.com/biography/Henry-Kissinger. Accessed 4 August 2022
- Sulzberger, Cyrus Leo, (1987), **The World and Richard Nixon**, Published by Prentice Hall.
- Schmidt, Dana Adams, (1964), **Journey among Brave Men**, Publisher; Little, Brown and Company, New York.
- Mcdowall, David, (2007), **A Modern History of the Kurds**, Revised Edition, I.B. Tauris, London.
- Kissinger, Henry, (1999), **Years of Renewal**, Publisher: Simon & Schuster, London, .1999
- Human Rights Watch, (1991) **Whatever Happened to The Iraqi Kurds?** www.hrw.org/reports/1991/IRAQ913.htm Accessed 20 September 2022.
- Khaddur, Majid and Ghareeb, Edmund, (1997), **War in the Gulf 91-1990, The Iraq-Kuwait Conflict and Its Implications**, Oxford University Press, New York.
- Dallek, Robert, (2007), **Nixon and Kissinger: Partners in Power,** Publisher: Harper Perennial; Reprint edition, London.
- The White House, **George H. W. Bush The 41st President of The United States**, https://www.whitehouse.gov/about-the-white-house/presidents/george-h-w-bush/ Accessed 20 August 2022

### نامەی زانکۆیی بە زمانی ئینگلیزی :

- Shareef, Mohammed, J. M., (2010) President George W. Bush's Policy Towards Iraq: Change or Continuity? Durham Doctoral theses, Durham University.

### چاوپێکەوتنەکان :

- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر مەحموود عوسمان، ٦ی تەمموزی ٢٠١٥ سلێمانی.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر شەفیق قەزاز، ٢٧ی تەمموزی ٢٠١٥ سلێما نی

### وتار و توێژینەوەکان :

### بە زمانی ئینگلیزی :

- **Washington Kurdish Institute, (2020), In Memoriam: Dr. Najmaldin O. Karim (-1949 2020), https://dckurd.org/31/10/2020/death-announcement/, accessed on 2022/8/20.**
- **Korn, David A., (1994), The Last Years of Mustafa Barzani, Middle East Quarterly, Vol 1:No2.**

## خلاصة

هـذه الدراسـة تحـت العنـوان «السياسـة الخارجيـة الأمريكيـة تجـاه الأكـراد في العـراق (١٩٦١-1990)»، تتألـف البحـث مـن ثلاثـة فصـول رئيسـية. حيـث ان الفصـل الأول يناقـش سياسـة الولايـات المتحـدة ضـد القضيـة الكرديـة في العـراق مـن عـام ١٩٦١ إلى عـام ١٩٧٢. ،أيضـا تتحـدث البحـث عـن عـددا مـن العوامـل تسـببت في تحـول الولايـات المتحـدة مـن موقـف عـدم التدخـل إلى المشـاركة في الثـورة الكرديـة خـلال إدارة نيكسـون. تحلـل هـذه الدراسـة السياسـة الخارجيـة للولايـات المتحـدة تجـاه الأكـراد العراقيـين كجـزء مـن سـاحة الحـرب في العـراق والـشرق الأوسـط بـين عامـي ١٩٦٩ و١٩٧٥، تحلـل البحـث عـددا مـن العوامـل أدت إلى تدخـل الولايـات المتحـدة في الثـورة الكرديـة خـلال إدارة ريتشـارد نيكسـون بـين ينايـر ١٩٦٩ ويونيـو ١٩٧٢. سـتحلل الدراسـة أيضًـا سـبب تخـلي واشـنطن عـن الأكـراد في مـارس ١٩٧٥. سـيتم التركيـز في الجـزء الأخـير عـلى تأثـير القضيـة الكرديـة في السياسـة الخارجيـة الأمريكيـة مـن عـام ١٩٧٥ إلى 9901، ويصـف جهـود بـرزاني لنقـل القضيـة الكرديـة إلى الولايـات المتحـدة بعـد انهيـار الثـورة في سـبتمبر. اعتـبرت السياسـة الأمريكيـة تجـاه القضيـة الكرديـة خـلال حـرب العـراق وإيـران مـن عـام ١٩٨٠ إلى ١٩٨٨ أزمـة داخليـة في العـراق مـن قبـل السـلطات الأمريكية.الكلـمات المفتاحيـة: أمريـكا ، الأكـراد ، البـارزاني ، ثـورة سـبتمبر ، كيسـنجر



## Abstract

This study, entitled US Foreign Policy towards the Kurds in Iraq (1990-1961), the paper consists of three main chapters. The first chapter discusses US policy against the Kurdish issue in Iraq from 1972-1961. The paper argues that a number of factors caused the USA to shift from a noninterventionist approach to involving itself in the Kurdish revolution during the Nixon administration. This study examines the USA's foreign policy towards the Iraqi Kurds as part of the Cold War battleground in Iraq and the Middle East between 1969 and 1975. The paper argues that a number of factors led the USA to intervene in the Kurdish revolution during Richard Nixon's administration between January 1969 and June 1972. It will also analyses why Washington abandoned the Kurds in March 1975. The final part will focus on the reflection of the Kurdish question in the US foreign policy 1990-1975, it describes Barzani's efforts to convey the Kurdish question to the United States after the collapse of September Revolution. The US policy towards the Kurdish issue during the 1988-1980 Iraq-Iran war was considered as an internal Iraq crisis by the American authorities. Keywords: America, Kurds, Barzani, September Revolution and Kissinger.